# چاپکراوی نوێ

(مارکس لەنێوان میتۆدو جیاوازی) ناونیشانی کتێبێکە لە نووسینی (سمکۆ محەمەد).. نووسەر لەم کتێبەدا ئاماژە بەوە دەکات کە لەم بەرهەمەدا هەوڵێکی زۆر دراوە لەبارەی تێگەیشتن لە بیری مارکس کە ئایا فەیلەسووفە یان کۆمەڵناسەو موناقەشەی ئەم باسە کراوە، نووسەر ئەوەش دەخاتە ڕوو کە ویستویەتی ئەوە بدرکێنێت کە هەروەك چۆن مارکس لاو و مارکسی کامڵ هەیە، بۆیە لەم چاپە نوێیەدا دەستکاریی هەندێك لە تێکستەکانی کردووە لەسەر مەسەلەی دەوڵەت و میتافیزیکاو هیومانیزم و ئەنترۆپۆلۆژیا..هتد.

لە پێشەکی ئەم کتێبەدا سمکۆ محەمەد نووسیویەتی: ئەم هەوڵە کە جۆرە ناساندنێکی دیکەی فەلسەفەی مارکسە، لە هەمان کاتدا هەم وەڵامدەرەوەی دەستکورتیی حزبە بەناو کۆمۆنیستی و چەپەکانە کە گوایە بە کلتووری مارکسیانە سیاسەت دەکەن.

کتێبی (مارکس لەنێوان میتۆدو جیاوازی) لە(١٦٨) لاپەڕە پێکهاتووەو چەند وێنەیەکیش لەخۆدەگرێت کە نووسەر لە سەردانی راستەوخۆی بۆ ئەڵمانیا لە مۆزەخانەو پەیکەری مارکس گرتوونی، دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە (سمکۆ محەمەد) دەکەین بە هیوای بەرهەم و نووسینی زیاتر..





# بوونی سەقامگیرییەکی رێژەیی لەناو پرۆسەی سیاسیدا

# لێکتێگەیشتی هاوبەشی نێوان هەولێر و بەغدای فراوان کردووە



لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا و بە بەراورد بەساڵی پار و پێش پێکهێنانی کابینەکەی د.عادل عەبدولمەهدی، جۆرێك لە سەقامگیریی ڕێژەیی هاتۆتەئاراوە و، لە سەرەتای پێکهێنانی کابینەکەیدا لە تشرینی دووەمی ٢٠١٨، ئاستی ناسەقامگیریی سیاسی لە ناو پرۆسەکەدا بە ئاستێك بوو کە د.عادل عەبدولمەهدی توانی لە کۆی ٢٢ وەزیر، تەنیا ١٤ وەزیر بۆ پەرلەمان ئامادە بکات و دەنگی لەسەر بدرێت، ئەم حکومەتە نیوەچڵە ڕەنگدانەوەی ئەو ناسەقامگیرییە سیاسییە بوو کە بە شێوەیەکی تایبەت لەناو هێزەکانی شیعەدا بوونی هەبوو، بێگومان بە هەمان شێوە و بە ئاستی جیاواز لەناو هێزەکانی کوردستان و عەرەبی سوننەشدا تا ئاستێك ناسەقامگیریی سیاسی هەبوو و، هێزەکان لەناو خۆیاندا لەسەر پشك و پۆست ناکۆکییان هەبوو، بەڵام ئەگەر سەیری ماوەی ١٠ مانگی شێوازی هەڵسووڕاندنی ئەم حکومەتە بکەین، دەبینین هەنگاو بە هەنگاو توانی کابینەکەی تەواو بکات و هەمیش جۆرێك لە سەقامگیریی سیاسی بۆ ناو پرۆسەی سیاسی بگێڕێتەوە.

لەماوەی ١٠ مانگی ڕابردوو گەلێك لە هێزەکانی شیعە و سوننە و بەشێك لە هێزە کوردییەکانیش هەوڵیاندا، کودەتایەکی سپی دژی

**لە سەرەتای پێکهێنانی کابینەکەیدا لە تشرینی دووەمی ٢٠١٨، ئاستی ناسەقامگیریی سیاسی لە ناو پرۆسەکەدا بە ئاستێک بوو کە د.عادل عەبدولمەهدی توانی لە کۆی ٢٢ وەزیر، تەنیا ١٤ وەزیر بۆ پەرلەمان ئامادە بکات**

**یەکەمین جارە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاشکاوانە و بەبێ سڵەمینەوە، پرسی دانوستاندن و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدای تایبەت کردووە بە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە حزبە سیاسییەکانی وەرگرتۆتەوە**

**بە هاوشێوەی هێزە سیاسییەکانی عێراق، لە هەرێمی کوردستانیشدا بەشێک لە هێزە سیاسییەکان خوازیاری ئەوە نەبوون کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەیەکی سیاسیی سەقامگیر و وەک کابینەیەکی بەهێز دەست بەکار بێت**

**فاکتەری سەرەکی بۆ قەناعەت پێهێنانی حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی بەپێی دەستوور کێشەکان یەکلایی بکرێنەوە، ئەو لۆژیکەیە کە سەرۆک بارزانی ساڵی پار لە دانوستانەکانی پێکهێنانی کابینەکەی د.عادل عەبدولمەهدی پێداگری لەسەر کرد و، مەرجی سەرەکی و پێشوەختەی بۆ بەشداریکردنی پارتی لە حکومەتی تازەی عێراقدا گرێ دایەوە بە بەرنامەی حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی، نەک شەڕکردن لە سەر پشک و پۆست لە بەغدا**

حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی ئەنجام بدەن، بەڵام لەبەر ئەوەی هێزە سەرەکییەکانی شیعە و کورد و سوننە، هاوهەڵوێست دژی ئەو هەوڵانە ڕاوەستانەوە، بەرەی پۆپۆلیستی بۆ دروستکردنی ناسەقامگیری لە پرۆسەی سیاسیدا نەیانتوانی سەرکەوتوو بن.

لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسی لە کوردستانیشدا، دیسان بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پار و دوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٨، بە پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا ئاستێکی باش سەقامگیری لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستانیشدا دروست بووە، لەمەش زیاتر ئەمە یەکەمین جارە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاشکاوانە و بەبێ سڵەمینەوە، پرسی دانوستاندن و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدای تایبەت کردووە بە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە حزبە سیاسییەکانی وەرگرتۆتەوە. ئەم وەرچەرخانە لە شێوازی دانوستاندن و دروستکردنی لیژنە تەکنیکییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، شێوازێکی تازەی لە تێگەیشتنی نێوان هەولێر و بەغدا دروست کردووە.

دیارە بە هاوشێوەی هێزە سیاسییەکانی عێراق، لە هەرێمی کوردستانیشدا بەشێك لە هێزە سیاسییەکان خوازیاری ئەوە نەبوون کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەیەکی سیاسیی سەقامگیر و وەك کابینەیەکی بەهێز دەست بەکار بێت، بەڵام نەفەسدرێژیی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئاستی دانوستانەکانی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی هاوسەنگ لەگەڵ هێزە سەرەکییەکاندا، ژینگەیەکی ئەوتۆی دروست کرد کە بتوانرێت هەم سەقامگیرییەکی ڕێژەیی و هەمیش زەمینە بۆ دەرکەوتنی کابینەی نۆیەم وەك حکومەتێکی بەهێز بێتە ئاراوە .

## • نەخشە ڕێگەیەکی دروست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان

ئەو نەخشە ڕێگەیەی ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق لە هەوڵدان کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدای پێ چارەسەر بکەن، ڕاستە دەستووری عێراق کراوەتە مەرجەع بۆ هەردوولا و بەپێی ئەو دەستوورە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان دەدەن، بەڵام فاکتەری سەرەکی بۆ قەناعەت پێهێنانی حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی بەپێی دەستوور کێشەکان یەکلایی بکرێنەوە، ئەو لۆژیکەیە کە سەرۆك بارزانی ساڵی پار لە دانوستانەکانی پێکهێنانی کابینەکەی د.عادل عەبدولمەهدی پێداگری لەسەر کرد و، مەرجی سەرەکی و پێشوەختەی بۆ بەشداریکردنی پارتی لە حکومەتی تازەی عێراقدا گرێ دایەوە بە بەرنامەی حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی، نەك شەڕکردن لە سەر پشك و پۆست لە بەغدا.

ئەوانەی ساڵی پار چاودێریی پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی تازەکەی حکومەتی عێراقیان دەکرد، باش دەزانن ئەو حکومەتە لە چ بارودۆخێکی هەستیار و ئاڵۆز و پڕ لە کێشمەکێشی سیاسیی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەدایك بوو، پرۆسەکە لە سەرەتاوە بە ئاستێك ئاڵۆز کرابوو، کە تەنانەت لایەنە سیاسییەکانی شیعە نەیاندەتوانی کوتلەیەکی گەورە پێکبهێنن و سەرۆك وەزیرانێك کاندید بکەن، لەمەش زیاتر دواجاریش کە د.عادل عەبدولمەهدی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران کاندید کرا، کاندیدی لایەنێکی سیاسی، یان کوتلەیەکی سیاسیی دیاریکراو نەبوو، بەڵکو وەك کاندیدی میانگیر و چارەسەر هەڵبژێردرا، بەڵام ئەو هێزە سەرەکییەی (هاوپەیمانی بینا ) کە لە پرۆسەکەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا، ئامانجی ئەوە بوو کێشەکان ئیحتوا بکات و ڕێگەیەك بۆ چارەسەرکردنیان بدۆزێتەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو پرۆسە سیاسییەکە و کێشەکانی حوکمڕانی لە عێراقدا، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، کارێکی ئاسان نییە، بەڵام هەوڵەکان بۆ دروستکردنی سەقامگیرییەکی ڕێژەیی لەناو پرۆسە سیاسییەکە و ڕێگرتن لەو هەوڵانەی بەنیاز بوون پرۆسە سیاسییەکە تێك بدەن، وایکردووە حکومەتی ئێستای عێراق بە دیدێکی فراوانتر مامەڵە لەگەڵ سەرجەم کێشەکان بکات، بە کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستانیشەوە.

خاڵی دروست لە دەستپێکی کابینە تازەکەی حکومەتی عێراقدا، ئەو لێکتێگەیشتنە بوو کە لایەنە شیعەکان لەگەڵ سەرۆك بارزانی بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر دروستیان کرد. سەرۆك بارزانی کە خۆی بە شەخسی سەرپەرشتیی دانوستاندنەکانی نێوان هەولێر و بەغدای دەکرد بۆ پێکهینانی کابینەی

تازەی حکومەتی عێراق، لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان چووە ناو پرۆسەکە و گەلی کوردستانی لەو کێشمەکێشە رزگارکرد کە لایەنە سیاسییەکان بۆ شەڕی پلە و پۆست خۆیان بە هاوپەیمانی و ئەوی دیکەدا هەڵدەواسی، هەر بۆیەشە کاتێك ئەمریکییەکان، یان ئێرانییەکان پێشنیاری ئەوەیان دەخستە بەردەستی سەرۆك بارزانی بۆ ئەوەی پشتگیری ئەم هاوپەیمانییە، یان ئەو هاوپەیمانییەی دیکە بکات، سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، با ئەو هاوپەیمانییەی ئێوە پێتان باشە، کوتلەی گەورەی خۆی پێکبهێنێت و حکومەت دروست بکات، ئەگەر بینیمان بەرنامەی حکومەتەکەی خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کوردستان دەکات، ئەوا ئێمەش هاوکاری دەبین و پشتگیری لەو حکومەتە دەکەین، بەڵام ئەگەر بەرنامەکەی خزمەتی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان نەکات، ئەوا ئەو هاوپەیمانییە هەر لایەك بێت، ئەوا ئێمە بەشداری حکومەتەکەی ناکەین.

ئەم گوتارە راشکاوە نیشتمانییەی سەرۆك بارزانی بۆ هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق، ژینگەیەکی لێکتێگەیشتنی تازەی لە نێوان هەولێر و بەغدا دروست کردو، بەغدا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە هیچ رێگەیەکی لەبەردەمدا نییە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی سەقامگیر، بێجگە لە رێککەوتن لەگەڵ دیدوبۆچوونەکانی سەرۆك بارزانی، بە گەیشتن بە رێککەوتنیش لەگەڵ سەرۆك بارزانی، ئیدی حکومەتی عێراق خۆی لە کێشمەکێشی ئەو هێزە سیاسییە کوردییانە رزگارکرد کە بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی خۆیان هەوڵیان دەدا لە ژینگەی ئاڵۆزی سیاسیی نێوان هەولێر و بەغدا مەلە بکەن.

دوای ئەم لێکتێگەیشتنە و ئیمزاکردنی رێککەوتن بۆ بەشداریی لایەنی کوردستانی لە حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی، پەرلەمان و حکومەتی عێراق و سەرۆکی هاوپەیمانیی (بینا) و سەرۆکی هاوپەیمانیی (سائیرون) بە فەرمی داوایان لە سەرۆك بارزانی کرد، سەردانی بەغدا بکات، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو پیشانی بدەن کە سەرۆك بارزانی پشتیوانی لەم حکومەتە تازەیەی عێراق دەکات و، هەروەها بۆ تواندنەوەی ئەو بەستەڵەکە بوو کە لە نێوان بەغدا و هەولێر دروست ببوو.

سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا، ژینگەی سیاسیی نێوان بەغدا و هەولێری بۆ ژینگەیەکی ئەرێنی وەرچەرخان و ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدای خستەوە سەر رێگە راستەکەی خۆی، بەڵام بە هۆی ئەوەی لە هەرێمی کوردستان هەڵبژاردن ئەنجام درابوو، هەرێم سەرقاڵی پێکهێنانی کابینەیەکی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، سەرۆك بارزانی و سەرۆك وەزیرانی عێراق لەسەر ئەوە رێککەوتن کە دوای پێکهێنانی کابینەی تازە لە هەرێم، هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا پێکەوە دەست بە چارەسەری کێشەکان بکەن و لیژنە تایبەتەکان بۆ ئەو مەبەستە پێکبهێنن.

دیارە لە ماوەی ئەو چەند مانگەی پێش پێکهێنانی کابینەی نۆیەم، هەندێك لە نوێنەرانی کورد لە بەغدا و بە هاوکاری و هەماهەنگیی هەندێك لەو پەرلەمانتارە شۆڤێنییانەی کە دەیانەوێت هەرگیز دەرگایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم و بەغدا نەکرێتەوە، زۆر هەوڵیاندا گوشار لەسەر د.عادل عەبدولمەهدی دروست بکەن، بۆ ئەوەی کێشە لە نێوان هەرێم و بەغدا دروست ببێتەوە، بەڵام بوونی ئیرادەیەکی هاوبەش بۆ رێگرتن لەو هەوڵانە بووە هۆکاری ئەوەی ئەو هەوڵانە شکست بهێنن، هەروەها نێچیرڤان بارزانی لەو ماوەیەدا جارێك وەك سەرۆك وەزیرانی کوردستان و جارێکی دیکە وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کردو زەمینەی ئەوەی رەخساندەوە کە لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم، پرۆسەکە دەچێتە قۆناخێکی تازە و حکومەتی تازەی کوردستان ئەم دۆسیە بەرێوەدەبات.

لەم چوارچێوەیەدا و لەسەر بنەمای ئەو رێککەوتنەی بە سەرپەرشتیی سەرۆك بارزانی بۆ پێکهێنانی کابینەکەی د.عادل عەبدولمەهدی ئیمزاکراوە، کابینەی نۆیەم هەر لە کۆبوونەوەی یەکەمی ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتیی مسرور بارزانی بریاری دا پێش هەموو شتێك بە شاندێك سەردانی بەغدا بکات. شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بە سەرۆکایەتیی مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێم سەردانی بەغدای کرد و لە میانەی سەردانەکەیدا زۆر راشکاوانە نییەتپاکیی حکومەتی کوردستانی بۆ هەر سێ سەرۆکایەتی (کۆمار و حکومەت و پەرلەمان) خستبووەڕوو، بەوەی حکومەتی کوردستان ئامادەیە

**سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا، ژینگەی سیاسیی نێوان بەغدا و هەولێری بۆ ژینگەیەکی ئەرێنی وەرچەرخان و ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدای خستەوە سەر رێگە راستەکەی خۆی**

**بە گەیشتن بە رێککەوتنیش لەگەڵ سەرۆک بارزانی، ئیدی حکومەتی عێراق خۆی لە کێشمەکێشی ئەو هێزە سیاسییە کوردییانە رزگارکرد کە بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی خۆیان هەوڵیان دەدا لە ژینگەی ئاڵۆزی سیاسیی نێوان هەولێر و بەغدا مەلە بکەن**

**لە ماوەی ئەو چەند مانگەی پێش پێکهێنانی کابینەی نۆیەم، هەندێک لە نوێنەرانی کورد لە بەغدا و بە هاوکاری و هەماهەنگیی هەندێک لەو پەرلەمانتارە شۆڤێنییانەی کە دەیانەوێت هەرگیز دەرگایەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم و بەغدا نەکرێتەوە، زۆر هەوڵیاندا گوشار لەسەر د.عادل عەبدولمەهدی دروست بکەن، بۆ ئەوەی کێشە لە نێوان هەرێم و بەغدا دروست ببێتەوە**



**کابینەی نۆیەم هەر لە کۆبوونەوەی یەکەمی ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتیی مسرور بارزانی بڕیاری دا پێش هەموو شتێک بە شاندێک سەردانی بەغدا بکات**

لەبەر رۆشنایی ئەو رێککەوتنەی سەرۆك بارزانی سەرپەرشتی کردووە، دەرگا بۆ چارەسەری کۆی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی دەستووری عێراق بکاتەوە.

- **سەردانی شاندی بەغدا بۆ هەرێم و چالاککردنی هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان**

وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ سەردانەکەی مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەفتەی رابردوو شاندێکی باڵای حکومەتی عێراق کە پێکهاتبوون لە (د.فوئاد حوسێن جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دارایی، سامر غەزبان وەزیری نەوت، فالح فەیاز سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی و ئەبو جهاد هاشمی بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆك وەزیران) بۆ دانوستاندن و گفتوگۆ لەسەر کێشەکانی هەرێم و بەغدا سەردانی هەولێریان کرد و لەگەڵ بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیران هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.

پێکهاتەی شاندەکەی حکومەتی عێراق لەو کەسایەتییانە پێکهاتبوون کە جیا لەوەی لەناو حکومەتی عێراقدا پۆستەکانیان سەروەرین، لە هەمانکاتدا لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقیشدا کەسانێکن سەنگ و پێگەی خۆیان هەیە و دەتوانن



لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقیشدا رۆڵی کاریگەر و یەکلاکەرەوە لەسەر زۆر پرسی سیاسیی گرنگدا بگێڕن، هەروەك چۆن بینیمان لە پرۆسەی دووبارە کاندیدکردنەوەی حەیدەر عەبادی، فالح فەیاز توانی پرۆسەکە دژی عەبادی پێچەوانە بکاتەوە. ئاماژەکردنمان بە رۆڵ و پێگەی ئەندامانی شاندی حکومەتی عێراق بۆ هەولێر، خۆی لە خۆیدا جددییەتی حکومەتی عێراق و هاوپەیمانیی (بینا) ی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدای لێ دەخوێندرێتەوە، هەروەها ئامادەباشیی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەسەلمێنێت بۆ ئەوەی ئەم گفتوگۆیانە بەردەوامییان هەبێت و لە ئایندەیەکی نزیکیشدا شاندێکی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دووبارە سەردانی بەغدا بکاتەوە. ئەمە مانای ئەوەیە، هەردوو حکومەت لە تێڕوانینێکی ستراتیژیی دوورمەودا قسە لەسەر کێشەکان دەکەن و لە چوارچێوەی میکانیزمێکی هاوبەشدا چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان دەدۆزنەوە.

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە لە وتووێژ و دانوستاندنەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کە پێدەچێت ئەو بەرنامەیەی لەنێوان هەردوولادا بۆ چارەسەری کێشەکان دادەڕێژدرێت،

**لە سەردانی ئەم دواییەی مسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی کوردستان بۆ بەغدا، راشکاوانە هەموو سەرۆکایەتییەکانی عێراقی ئاگادار کردۆتەوە کە هەرێمی کوردستان بێجگە لەمافە دەستوورییەکانی خۆی هێچی دیکەی ناوێت و لە هەمانکاتیشدا بە هیچ جۆرێک سازش لەسەر مافە دەستوورییەکانی خۆی ناکات**

**نێچیرڤان بارزانی لەو ماوەیەدا جارێک وەک سەرۆک وەزیرانی کوردستان و جارێکی دیکە وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کردو زەمینەی ئەوەی رەخساندەوە کە لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم، پرۆسەکە دەچێتە قۆناخێکی تازە و حکومەتی تازەی کوردستان ئەم دۆسێیە بەڕێوەدەبات**

**نەبوونی ئیرادەیەکی هاوبەش، کەمتەرخەمیی نەتەوەیە یەکگرتووەکان و نەبوونی فشار لەلایەن ئەمریکا بۆ سەر حکومەتی عێراق، بووە هۆکاری ئەوەی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرێت**

**نەک هەر تەنیا لایەنە سیاسییە عێراقییەکان، بەڵکو پۆل بریمەری حاکمی مەدەنیی ئەوکات لە عێراق، زۆر هەوڵیدا بە هاوشێوەی سوپای عێراق، هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام پێداگریی سەرۆک بارزانی لەسەر مانەوەی هێزی پێشمەرگە وەک هێزی بەرگری و پارێزگاری کوردستان، هەموو ئەو هەوڵانەی پووچەڵ کردەوە**

بە شێوەیەك لە شێوەكان پەیوەست بێت بە تەمەنی یاسایی و دەستووریی هەر دوو كابینەی هەرێم و بەغدا، ئەمەش مانای ئەوەیە هەوڵەكان ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە، چارەسەرەكە بەو جۆرە بێت كە لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوو بناخەیەكی پتەو بۆ چارەسەری كۆی كێشە هەڵواسراوەكانی نێوان بەغدا و هەولێر دروست بكەن.

كێشە سەرەكییەكانی نێوان هەرێم و بەغدا بریتین لە: (كێشەی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێم، یان جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق، كێشەی بودجە و مووچەی هێزی پێشمەرگەی كوردستان وەك بەشێك لە مەنزوومەی بەرگریی عێراق، كێشەی نەبوونی یاسای نەوت و گاز لە حكومەتی فیدراڵی، پشكی كوردستان لە بودجەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق)، دیارە كۆی ئەم كێشانە لە دەستووری عێراقدا هێڵە گشتییەكانی بۆ چارەسەركردن دیاری كراون، بەڵام شێوازی جێبەجێكردنیان پێویستی بە تێگەیشتنێكی هاوبەش و دەركردنی هەندێك یاسا هەیە، كە لێرەدا بە كورتی تیشكیان دەخەینەسەر:

**١. كێشەی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێم**

كاتێ خۆی كە لە یاسای كاتیی دەوڵەتی عێراقدا ماددەی ٥٨ دانرا بۆ شێوازی مامەڵەكردن لەگەڵ كێشەی ئەو ناوچانە، لایەنی كوردستانی لە ناسنامەی كوردستانیبوونی ئەو ناوچانە دڵنیا بوو، بەڵام بۆ ئەوەی شێوازی چارەسەركردنەكە یاسایی و دەستووری بێت، پرسەكە خرایە ئەو چوارچێوەیە، بەوەی خەڵكی ئەو ناوچانە خۆیان بریار بدەن، ئایا بەشێك دەبن لە هەرێمی كوردستان، یان بەشێك دەبن لەناوەند، ئەم ماددەیە جارێكی دیكە لە نووسینەوەی دەستووری عێراقدا لە ماددەی ١٤٠ دووبارە داڕێژرایەوە و پەسەند كرا، بەڵام نەبوونی ئیرادەیەكی هاوبەش، كەمتەرخەمیی نەتەوەیە یەكگرتووەكان و نەبوونی فشار لەلایەن ئەمریكا بۆ سەر حكومەتی عێراق، بووە هۆكاری ئەوەی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەكرێت، دیارە دوای كارەساتی ١٦ی ئۆكتۆبەر و دووبارە داگیركردنەوەی ئەو ناوچانە لەلایەن هێزەكانی عێراقەوە، هەندێك لە شۆڤێنییەكان خۆیان گەیاندە ئەو قەناعەتەی كە جارێكی دیكە باسی جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠ ناكرێتەوە، بەڵام پێداگریی سەرۆك بارزانی لەسەر ناسنامەی كوردستانی ئەو ناوچانە بەگشتی و كەركووك بەتایبەتی، بووە هۆكاری ئەوەی كە جارێكی دیكە لە تێگەیشتن و رێككەوتنی لایەنی كوردستانی لەگەڵ لایەنە عێراقییەكان بۆ پێكهێنانی كابینەی تازەی حكومەتی عێراق، بببێتەوە بە بەشێك لە وتووێژەكان، ئێستا ئەم ماددەیە یەكێكە لە ئەولەوییەتەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ئەوەی جێبەجێ بكرێت، هەروەها نەتەوە یەكگرتووەكانیش بە باشی هاتۆتە سەرخەت بۆ ئەوەی میكانیزمێك بۆ جێبەجێكردنی ئەو ماددەیە و چارەسەرێك بۆ كێشەی ئەو ناوچانە بدۆزرێتەوە، ئەوەشی لە پرۆسەی ئەمجارە دەبێتە جێگەی بایەخ ئەوەیە هەردوو حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی عێراق لەسەر هەر میكانیزمێك بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشانە رێكبكەون، رێككەوتنی نێوان دوو حكومەت دەبێت، دەبێت پەرلەمانی عێراق یاسای بۆ دەربكات و پەسەندی بكات، كە ئەم شێوازەش دەبێتە گەرەنتییەك كە جارێكی دیكە كێشە لەسەر ئەو ناوچانە دروست نەبنەوە.

**٢. كێشەی بودجە و مووچەی هێزی پێشمەرگەی كوردستان.**

هەر لە دوای رووخانی رژێمی بەعس و نەمانی سەدام حوسێن، نەك هەر تەنیا لایەنە سیاسییە عێراقییەكان، بەڵكو پۆل بریمەری حاكمی مەدەنیی ئەوكات لە عێراق، زۆر هەوڵیدا بە هاوشێوەی سوپای عێراق، هێزی پێشمەرگەی كوردستانیش هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام پێداگریی سەرۆك بارزانی لەسەر مانەوەی هێزی پێشمەرگە وەك هێزی بەرگری و پارێزگاری كوردستان، هەموو ئەو هەوڵانەی پووچەڵ كردەوە، پێشمەرگە وەك بەشێك لە مەنزوومەی بەرگریی عێراقی تازە چەسپێندرا، بەڵام دیسان ئەم پرسەش بە هۆی نییەتی خراپ و هەوڵنەدان بۆ دروستكردنی سەقامگیری و ئاشتی لەنێوان هەریم و بەغدا، ئاستەنگی زۆری هاتە بەردەم و كاتێك داعش موسڵی داگیركرد و پێنج فیرقەی سوپای عێراق تەسلیمی داعش بوون، ئەوكات بۆ هەموو لایەك دەركەوت كە هێزی پێشمەرگە وەك سوپایەكی قارەمان چەندە بۆ پارێزگاری لە كوردستان و سەقامگیری لە عێراقدا گرنگە، بۆیە لە میانەی شەڕی دژی داعش جۆرە هاوكاری و هەماهەنگییەك لەنێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە ژێر چەتری هاوپەیمانان هاتەئاراوە، بەڵام بەهۆی

ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ جارێکی دیکە ئەم پرسە گەڕایەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم، بەڵام بەرگریی قارەمانانەی پێشمەرگە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆك بارزانی لە داستانەکانی مەخموور و مەحموودیە و سحێلا، جارێکی دیکە سەلماندیەوە کە ئەم هێزە قارەمانە هەمان ئەو هێزە قارەمانەیە کە ئەفسانەی تیرۆریستانی داعشی پووچەڵ کردەوە، بەمەش جارێکی دیکە هێزی پێشمەرگە ئەو دیفاکتۆیەی دروست کردەوە بەوەی هێزێکی نیزامیی قارەمانە و دەبێت وەك هێزێکی نیزامی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لەم چوارچێوەیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای نەبوونی بودجە و مووچە بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەڵام لەو داهاتەی لە بەردەستیدا بووە، پێداویستی و مووچەی پێشمەرگەی دابین کردووە، لە ئێستاشدا کە ئامادەباشی هەیە بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە وەك بەشێك لە مەنزوومەی بەرگریی عێراق حیساب بکرێت، حکومەتی کوردستان وەك یەکێك لە ئەولەوییەتی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دانوستاندنی لەسەر دەکات و بە میکانیزمی گونجاو کێشەکەیان بۆ چارەسەر دەکات.

### ٣. کێشەی نەبوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی لە حکومەتی عێراقدا

ئەو کێشەی کە پێی دەگوترێت کێشەی نەوت و گاز لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی، لە بنەڕەتدا کێشەکە پەیوەستە بە کەمتەرخەمیی حکومەتی عێراق و بێباکیی پەرلەمان لە خولەکانی ڕابردوودا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە دوای نووسینەوەی دەستووری عێراق لە ٢٠٠٥، شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسێی نەوتی عێراق گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو، دەبوو حکومەتی عێراق بۆ قۆناخی تازەی ٢٠٠٥ یاسایەکی تازەی بە ناوی (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی) بۆ پەرلەمان ئامادە بکات، بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت و پەسەند بکرێت، بەڵام حکومەتی عێراق بە بیانووی جۆراوجۆر و بۆ دژایەتیکردنی سیاسەتی نەوت و گازی هەرێم، کەمتەرخەمی لە ئامادەکردنی ئەو پرۆژە یاسایە کرد، بەمەش کێشەیەکی گەورەی لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی دروست بوو. لە سەردانی ئەم دواییەی مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان بۆ بەغدا، ڕاشکاوانە هەموو سەرۆکایەتییەکانی عێراقی ئاگادار کردۆتەوە کە هەرێمی کوردستان بێجگە لەمافە دەستوورییەکانی خۆی هێچی دیکەی ناوێت و لە هەمانکاتیشدا بە هیچ جۆرێك سازش لەسەر مافە دەستوورییەکانی خۆی ناکات، هەر بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئامادەباشی پیشان داوە کە کێشەی دۆسێی نەوت و گاز لە نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەم کێشەیە لەوانەیە هەندێك کاتی پێویست بێت، چونکە پەیوەستە بە دەرکردنی یاسایەکی تازە بۆ ئەو پرسە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە، بەڵام بوونی تێگەیشتنی هاوبەش لەنێوان هەردوولا بۆ چارەسەرکردنی کۆی کێشەکان، چارەسەرێکی قۆناخیی بۆ ئەم پرسە دەدۆزێتەوە.

### ٤. پشکی کوردستان لە کۆی بودجەی عێراق

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرگیز لاری لەوە نەبووە کە لە عێراقدا سەرژمێرییەکی تەندروست بکرێت و بەپێی ڕێژەی ئەو سەرژمێرییە پشکی کوردستان لە بودجەی عێراق دەستنیشان بکرێت، بۆیە هەتا سەرژمێرییەکی تازە لە عێراقدا دەکرێت، ئەم پرسە پێویستی بە ڕێککەوتنی سیاسی بۆ چوار ساڵی داهاتوو هەیە، ئەم ڕێککەوتنە چوار ساڵییە ئەگەر لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی بگاتە ئاکام، دەبێتە سەرەتایەکی باش بۆ ئەوەی هەوڵەکان یەکبخرێن و لەماوەی چوار ساڵی داهاتوو سەرژمێرییەکی ڕێکوپێك لە عێراقدا ئەنجام بدرێت، هەروەها دەکرێت، ڕێککەوتنی ساڵی ٢٠١٨ کە پاشان یاسای بودجەی حکومەتی عێراقی ساڵی ٢٠١٩ لێ بەرهەمهات، بکرێتە بنەمایەك بۆ ڕێککەوتنی چوار ساڵی داهاتوو، لەمەشدا هەست دەکرێت، خواستێك لای حکومەتی عێراقەوە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە بوونی هەیە، بۆیە بە هەر چۆنێك بێت، زۆر نزیکە کە هەردوولا بۆ چوار ساڵی داهاتوو لەسەر ئەم پرسە ڕێکبکەون.

ئەو هەوڵانەی لە دەستپێکی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەستی پێکردووە، جۆرێك ئومێدی لای خەڵکی کوردستان دروست کردووە و گرنگە ئەم ئومێدە لای خەڵکی عێراقیش دروست بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە چەندە ئاشتی و سەقامگیری و لێکتێگەیشتن لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی دروست ببێت، هێندە بووژانەوە و ئاوەدانی لە هەرێم و ناوچەکانی دیکەی عێراق دەست پێدەکات.

**کاتێک داعش موسڵی داگیرکرد و پێنج فیرقەی سوپای عێراق تەسلیمی داعش بوون، ئەوکات بۆ هەموو لایەک دەرکەوت کە هێزی پێشمەرگە وەک سوپایەکی قارەمان چەندە بۆ پارێزگاری لە کوردستان و سەقامگیری لە عێراقدا گرنگە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرگیز لاری لەوە نەبووە کە لە عێراقدا سەرژمێرییەکی تەندروست بکرێت و بەپێی ڕێژەی ئەو سەرژمێرییە پشکی کوردستان لە بودجەی عێراق دەستنیشان بکرێت**

**ئەو هەوڵانەی لە دەستپێکی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەستی پێکردووە، جۆرێک ئومێدی لای خەڵکی کوردستان دروست کردووە و گرنگە ئەم ئومێدە لای خەڵکی عێراقیش دروست بێت**

**چەندە ئاشتی و سەقامگیری و لێکتێگەیشتن لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی دروست ببێت، هێندە بووژانەوە و ئاوەدانی لە هەرێم و ناوچەکانی دیکەی عێراق دەست پێدەکات**



**عوسمان ئۆجەلان**

**بەرپرسی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:**

# پەکەکە بووە هۆکاری ئەوەی سوپای تورکیا عەفرین داگیر بکات

**لەناو گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێستا لە دوو بەشی کوردستاندا دەرفەت دروست بووە بۆ ئەوەی کورد بتوانێت خۆی حوکمڕانی خۆی بکات، بەڵام لە هەر دوو بەشەکە هێزەکانی پەکەکە هۆکارن بۆ ناسەقامگیری و تێکدانی ئەو دەستکەوتانەی بەدەست هاتوون، لە ئێستادا خەڵکانی نیشتمانپەروەر کە بە چاوی ئومێدەوە سەیری ئەو دوو بەشەی کوردستان دەکەن، لەهەمانکاتدا سەریان لەوە سوڕماوە کە حزبێکی بەناو کوردستانی هەموو ئامانجی ئەوە بێت، ئەم دەرفەتە لەدەست کورد دەربهێنێت. بۆ قسەکردن لەسەر ستراتیژیەتی هەڵەی پەکەکە و ڕەفتارە هەڵەکانی لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، ئەم دیدارەمان لەگەڵ عوسمان ئۆجەلان بەرپرسی پێشووی پەکەکە (دوای زیندانیکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان) ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئەگەر خوێندنەوەیەکی واقیعیانە بۆ بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، دەبینین وێڕای ئاڵۆزی و هەستیاریی بارودۆخی ناوچەکە، بەڵام کۆمەڵێك هەلیش بۆ کورد ڕەخساوە هەستی پێ دەکرێت، ئایا چۆن سەیری بارودۆخەکە دەکەیت؟**

- بە دیدی من کوردستان لە بارودۆخێکی تایبەتدایە و کاتێکی گرنگی بۆ هاتۆتەپێشەوە، لەبەر ئەوەی داگیرکارانی کوردستان لە حاڵەتی لاوازیدان، لەوانەیە لەنێوان تورکیا و ئێران ئاڵۆزی دروست بێت، بەڵام ئەوانیش جارێکی دیکە ئەو توانایەیان نەماوە کە لەسەر پرسی کورد ڕێکبکەون، لەمەش زیاتر گوشارێکی گەورەی نێودەوڵەتی لەسەر ئێران و تورکیا هەیە و دەیانەوێت سنووریان بۆ دابنێن. لە بارودۆخی ئێستادا تورکیا هەستی بەم مەترسییە کردووە، بۆیە بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدات خۆی زیاتر پڕچەك بکات و تەنانەت پەنای بردۆتە بەر کڕینی ڕۆکێتی ٤٠٠ ئێسی ڕووسی کە لە دەرەوەی سیستمی بەرگریی ناتۆیە، ئامانجیشی لە خۆپڕچەککردن بەم ڕۆکێتە، لەبەر ئەوەیە کە ناکەوێتە ژێر هیچ پابەندبوونێك و چ کاتێك بیەوێت، دەتوانێت بەکاری بهێنێت. لەلایەکی دیکەش وەك دەبینین ئێران و ئەمریکا لەو پەڕی ئاڵۆزیدان، لەلایەك ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە هاتۆتە دەرەوە و لەلایەکی دیکەش بەرپرسانی ئێرانی بە ئاشکرا رایدەگەیەنن کە پەرە بە بەرنامەی ناوکی و دروستکردنی چەکی ئەتۆمی دەدەن، ئەمە وایکردووە ڕۆژئاوا لەم دوو دەوڵەتە بترسێت، بۆیە هەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە سنووریان بۆ دابنێن. لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا کوردستان ڕەوشێکی تایبەتی هەیە، هەردوو بەشە بچووکەی، مەبەستم کوردستانی ڕۆژئاوا و باشوور، بەپشتگیری هێزی نێودەوڵەتی بەرەو دەوڵەتبوون هەنگاو هەڵدەگرن، بەتایبەتیش باشووری کوردستان کە ئێستا دوای هەڵبژاردنی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێز مسرور بارزانی بۆ سەرۆکی حکومەت، سەرکردایەتییەکی تازە دەرکەوتووە و ئەم گۆڕانکارییەش ڕەوشەکە زیاتر بەرەو پێشەوە دەبات. ئاشکرایە باشووری کوردستان ناوەندی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان بووە و مەلا مستەفا بارزانی شۆڕشی سەرتاسەری دەست پێکرد، هەر لە سەر ئەم پرسە من توێژینەوەیەکم کردووە و ئاماژەم بەوە کردووە کە (ناوی بارزانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانی دروست کرد و شۆڕش بە بارزانی گەورە بوو، پێویستە بە ناوی بارزانی-یش بگاتە ئەنجام)، لەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان گرنگە ئەو ڕاستیانە بڵێین کە ناوەڕۆکی بزاڤی نەتەوەییمان . ماڵباتی بارزانی-یە. زۆر ماڵباتی گەورەش لەجیهاندا کاریگەرییان لەسەر دەوڵەتی نەتەوەیی هەبووە و ئێستا پادشای ئەو وڵاتانەن، بۆیە بۆ ئێمەش پادشای کوردستان ماڵباتی بارزانی-یە. لە ساڵی ١٩١٤ ـەوە ماڵباتی بارزانی لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلام و شێخ

**جەنابی مەلا مستەفا لەگەڵ ئەوەی چەند ساڵ لە سۆڤیەت بوو، بەڵام گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە بیری مارکسی و لینینی کێشەی نەتەوە چارەسەر ناکات، بۆیە لەو فیکرە دوور کەوتەوە**

**بارزانیی نەمر ئەگەر بیزانیایە فیکری مارکسی لینینی بە کەڵکی کێشەی نەتەوەیی دێت، لەو قەناعەتەم پێش هەموومان حزبێکی مارکسی لینینی دروست دەکرد**

**داگیرکارانی کوردستان لە حاڵەتی لاوازیدان، لەوانەیە لەنێوان تورکیا و ئێران ئاڵۆزی دروست بێت، بەڵام ئەوانیش جارێکی دیکە ئەو توانایەیان نەماوە کە لەسەر پرسی کورد ڕێکبکەون**

**گوشارێکی گەورەی نێودەوڵەتی لەسەر ئێران و تورکیا هەیە و دەیانەوێت سنووریان بۆ دابنێن. لە بارودۆخی ئێستادا تورکیا هەستی بەم مەترسییە کردووە، بۆیە بە هەموو شێوەیەک هەوڵدەدات خۆی زیاتر پڕچەک بکات**

**کوردستان ڕەوشێکی تایبەتی هەیە، هەردوو بەشە بچووکەی، مەبەستم کوردستانی ڕۆژئاوا و باشوور، بە پشتگیری هێزی نێودەوڵەتی بەرەو دەوڵەتبوون هەنگاو هەڵدەگرن**

**دوای هەڵبژاردنی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێز مسرور بارزانی بۆ سەرۆکی حکومەت، سەرکردایەتییەکی تازە دەرکەوتووە و ئەم گۆڕانکارییەش ڕەوشەکە زیاتر بەرەو پێشەوە دەبات**

ئەحمەد بارزانی شۆڕشیان دەست پێ کردووە و مەلا مستەفا شۆڕشەکەی گەورە کردو مسعود بارزانی بەردەوامی بە شۆڕشەکە داو زیاتر گەورەی کرد، ئێستا نێچیرڤان بارزانی و مسرور بارزانی شۆڕشەکە بەرەو چارەسەری دەبەن و سەرکردایەتییەکی تازەیان گرتۆتە دەست، ئەمەش هەقیقەتە، ئێمە هەموومان بینیمان کە دوای ریفراندۆمەکەی ٢٠١٧ هەموو دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان و جیهانیش گوشاریان خستە سەر کوردستان بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان لە ئیرادەی خۆی پەشێمان بکەنەوە و ئیرادەی خەڵکی کوردستان تێکبشکێنن، بەڵام سەرۆك بارزانی مقاوەمەتی کرد و بڕیاری خۆی دا و ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە ریفراندۆمەکە پیشان درا. ئەو کات هەموو گوشارێکیان بەکار هێنا بۆ ئەوەی ئەو ئیرادەیە بشکێنن، بۆ ئەمەش نەوتیان ڕاگرت، مووچەی فەرمانبەرانیان بڕی، تەنانەت لە دوو مانگی یەکەمدا ئەوروپا پشتی تێ کردین، بەڵام نێچیرڤان بارزانی ئەو دەوڵەتمەدارە گەورەیە بوو کە توانی لە ماوەیەکی کورتدا تەواوی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان لەگەڵ فەرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا و هەموو وڵاتان ئاسایی بکاتەوە، بۆیە دەتوانم بڵێم: ئەو دیپلۆماتیەتەی نێچیرڤان بارزانی نەبوایە لەوانە بوو هەرێمی کوردستان تیابچوایە، لەلایەکی دیکە کاك مسرور بارزانی کە بووەتە سەرۆکی حکومەت کەسایەتییەکی جیاوازە و مرۆڤێکە خاوەنی بڕیارە و بڕیار بە دروستی دەدات و بە دروستییش جێبەجێی دەکات، ئێستا لە هەوڵی ئەوەدایە بە هاوکاری لەگەڵ کاك قوباد سیستمێکی ڕێکوپێك بۆ کوردستان بونیاد بنێت و گەندەڵی نەمێنێت و هەوڵی بۆ ئەوەیە کە دوو ئیدارەیی لە کوردستان نەهێڵێت و یەك هێزی پێشمەرگە و یەك هێزی ئاسایش و پۆلیس لە هەموو کوردستاندا هەبێت، ئەم هەرێمە جێگەی شانازیی هەموو کوردێکە لە هەرچوارپارچەی کوردستان و دەبێت وەك چاوی خۆمان بیپارێزین.

*** بەڵام پەکەکە هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە کە ئەم هەرێمە تێکبدات و دوو هەفتەی ڕابردووش هەوڵیدا بە ڕێگەی کارێکی تیرۆریستی ئارامیی پایتەختی کوردستان بشێوێنێت، ئایا بۆچی پەکەکە دژایەتی هەرێمی کوردستان دەکات؟**

-ئێمە هەموو دەزانین ئەو زەمینەیەی لە هەرێمی کوردستان هاتۆتە ئاراوە هەنگاو بەرەو دەوڵەتبوون هەڵدەگرێت، ئەمەش جێگەی شانازییە بۆ هەموومان، بەداخەوە پەکەکە هەوڵی بۆ ئەوەیە کە سەقامگیری و تەناهی ئەم هەرێمە تێکبدات، هەر وەك چۆن هەفتەی ڕابردوو ئەو کارەی کرد، دیارە پەکەکە هەتا ئێستاش دەڵێت، ئێمە ئەو کارەمان ئەنجام نەداوە، بەڵام کێ ئەو کارەی کرد؟ ئەمەیان جێگەی پرسیارە؟ لەبەر ئەوەی ئاماژەکان هەموویان بەو ئاراستەیەن کە پەکەکە ئەو کارەی ئەنجام داوە، پێش ماوەیەکیش پەکەکە (هێزی جەوهەری پاراستنی باشووری کوردستان)ی دروستکرد، ئایا ئامانج لە دروستکردنی ئەم هێزە چییە؟ بۆیە پەکەکە دەدان بەوەدا بنێت کە ئەو کارەی کردووە، یان ئینکاری بکات، بەوەی نەیکردووە، بەرپرسیاریەتیی ئەو کارە لە ئەستۆی پەکەکەیە، دیارە پەکەکە ئێستا لە ڕووی سەربازییەوە زۆر لاواز بووە و ناتوانێت هیچ کردەوەیەکی سەربازی ئەنجام بدات، بۆیە بەم کارانەی دەیەوێت سەقامگیریی باشووری کوردستان تێکبدات، هەر بۆیە ئەگەر پەکەکە هەوڵی تێکدانی سەقامگیری باشوور نادات، ئەی دروستکردنی هێزی جەوهەری پاراستنی باشووری کوردستان بۆ چییە؟ ئەمە لە کاتێکدا لە کوردستان هێزی پێشمەرگە هەیە و سەلماندوویەتی کە دەتوانێت وڵاتی خۆی بە باشی بپارێزێت. بۆیە ئەو هەنگاوانەی پەکەکە لە باشوور هەڵیان دەگرێت، هەموویان هەنگاوی هەڵەن و هیچ ئاکامێکی نابێت، هەروەها دەبێت خۆی هۆشیار بکات کە جارێکی دیکە کردەوەی هاوشێوەی دوو هەفتەی پێشوو لە هەولێر دووبارە نەکاتەوە.

*** ماوەیەکی زۆرە پەکەکە دژایەتی بیری نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکات، ئایا دوورکەوتنەوەی پەکەکە لە دیدوتێڕوانینی نەتەوەیی هۆکار نییە بۆ ئەوەی بەمجۆرەی ئێستا ڕەفتار بکات؟**

- ئایدیۆلۆژیەتی پەکەکە، ئایدیۆلۆژیەتێکی چەپی ستالینییە، ئەمەش دیدوبۆچوونێکی هەڵەیە و هەموو ئەو حزبانەشی خۆیان بە چەپ

دادەنێـن لـە بیـری نەتەوەیـی دوور دەکەونـەوە، جارێکیـان لـە یەکێـك لـە کۆبوونەوەکانـی پەکەکـە، ژنێـك هەسـتا پرسـیارێکی کـرد و گوتـی: ئایـا ئێـوە لەگـەڵ بـە دیهێنانـی مافەکانـی مرۆڤـن، یـان بەدیهێنانـی مافەکانـی کـورد؟ هـەر خـۆی وەڵامـی خـۆی دایـەوە و بەبـێ دوو دڵـی گوتـی: مـن لەگـەڵ بەدیهێنانـی مافەکانـی مرۆڤـم، نـەك بەدیهێنانـی مافەکانـی کـورد، ئـەم ئاخاوتنـە ئەوەمـان پـێ دەڵێـت کـە پەکەکـە لەژێـر دروشـمی گشـتیدا، مافـی نەتەوەیـی ڕەدەکاتـەوە. بێگومـان ئـەوەش شـتێکی بەڵگەنەویسـتە کـە بیـری مارکسـی و لینینـی، بیـری نەتەوەیـی ڕەتدەکاتـەوە، هـەر لەسـەر ئـەم بنەمایـەش جەنابـی مـەلا مسـتەفا لەگـەڵ ئـەوەی چەنـد سـاڵ لـە سـۆڤیەت بـوو، بـەڵام گەیشـتە ئـەو قەناعەتـەی کـە بیـری مارکسـی و لینینـی کێشـەی نەتـەوە چارەسـەر نـاکات، بۆیـە لـەو فیکـرە دوور کەوتـەوە، بارزانیـی نەمـر ئەگـەر بیزانیایـە فیکـری مارکسـی لینینـی بەکەڵکـی کێشـەی نەتەوەیـی دێـت، لـەو قەناعەتـەم پێـش هەموومـان حزبێکـی مارکسـی لینینـی دروسـت دەکـرد، بـەڵام ئـەو خـۆی لـەوێ ژیابـوو، واقیعەکـەی بـە چـاوی خـۆی بینیبـوو، دەیزانـی کـە دیموکراتیـەت کێشـەی نەتـەوە چارەسـەر دەکات، نـەك سۆشـیالیزم، ئێسـتا پەکەکـەش کـە دوای فیکـری چـەپ کەوتـووە و وازی لـە فیکـری نەتەوەیـی هێنـاوە، ئـەوە ئاکامەکەیەتـی کـە دەیبینیـن.

*** بـەڵام ئـەو ئایدیۆلۆژیەتـە چەپـەی پەکەکـە کاریگـەری نەرێنـی لەسـەر بەشـەکانی دیکـە کوردسـتانی دروسـت کـردووە، هـەر بـۆ نموونـە ئێسـتا لـە باشـووری کوردسـتان بـە سـەدان گونـد چـۆڵ بـوون و دەسـت ئاوەدانکردنـەوە نایانگاتـێ لەبەر پەکەکە، ئایا دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ پەکەکـە بکرێـت؟**

- پێشـتر ئامـاژەم بـەوە کـرد، ئـەو کـردەوەی پەکەکـە لـە هەولێـر کـردی، کارێکـی هەڵـە بـوو، بۆیـە پێویسـتە نەتـەوەی کـورد دادگایەکـی هەبێـت، لـەو دادگایـەدا هەڵوێسـتی ڕاشـکاوانەی خـۆی بەرامبـەر پەکەکـە دەستنیشـان بـکات، بەتایبەتـی کـە ئێسـتا بـە سـەدان گونـد لـە باشـوور، دانیشـتووانەکەی لـە ترسـی پەکەکـە چۆڵیـان کـردووە و خەڵکەکـە ناتوانـن لەسـەر ژیانـی ئاسایی خۆیـان بـەردەوام بـن. پرسـیارەکە ئەوەیـە: بۆچـی ئـەم گوندانـە چـۆڵ کـراون؟ دیـارە ئامانجـی پەکەکـە ئەوەیـە چالاکـی بـکات و پەلـی سـوپای تورکیـا بگرێـت و بیهێنێتـە نـاو کوردسـتانەوە. ئەوجـا پەکەکـە تەنیـا لەباشـوور بەمجـۆرە ڕەفتـار نـاکات، ئێسـتا لـە ڕۆژئـاوا سیسـتمێك دروسـت بـووە و ئەمریـکا دەیەوێـت کـورد بپارێزێـت، پەکەکـە دەچێـت لـە سـنووری ڕۆژئـاوا لـەدژی تورکیـا چالاکییـەك دەکات، بـۆ ئـەوەی سـوپای تورکیـا هێـرش بکاتـە سـەر ڕۆژئـاوا، هـەر ئـەم هۆکارەش بـوو وایکـرد تورکیـا عەفریـن داگیـر بـکات. کاتـی خـۆی لـە کۆبوونـەوەی سـەرکردایەتیی پەکەکـە گوتمـان پێویسـتە پەکەکـە بـۆ ماوەیـەك خەباتـی چەکداریـی خـۆی ڕابگرێـت و تەنیـا خەباتـی سیاسـی بـکات، گوتمـان کوردسـتان لـە بـەردەم گۆڕانکارییەکـی گەورەدایـە و لـە باشـوور و ڕۆژئـاوا بارودۆخێکـی بـاش هاتۆتەپێشـەوە، بـا هـاوکار بیـن ئـەو بارودۆخـە ڕێـك بخەیـن، بۆیـە ئاماژەمـان بەوەکـرد ئەگـەر پەکەکـە چالاکییـە سەربازیەکانی خۆی ڕابگرێت، لەوانەیە دەرفەتێك بۆ باکووریش دروست بێت، هـەر لـەو کۆبوونەوەیـە ئاماژەمـان بـە ئەزموونـی باشـووری کوردسـتان کـرد و گوتمـان: فەرمـوو حزبەکانـی باشـوور لـە سـاڵی ١٩٩١- ٢٠٠٣ هەمـوو چالاکییەکـی سـەربازیی خۆیـان دژی بەعـس و هێزەکانـی سـەدام حوسـێن ڕاگـرت، ئـەوە بـوو لـە ٢٠٠٣ بارودۆخێـك هاتـە ئـاراوە و کوردسـتان لەدەسـتی سـەدام ڕزگاری بـوو، بۆیـە گرنگـە ئێمـەش بـۆ ماوەیـەك سـوود لـە ئەزموونـی باشـوور وەربگریـن، بـەڵام ئـەوان ئـەم پێشـنیارەی ئێمەیـان ڕەتکـردەوە و سـەرەنجامیش بـە درێـژەدان بـەو سیاسـەتە هەڵەیـە، جیـا لـەوەی زیانێکـی زۆریـان بـە کوردسـتانی باکـوور گەیانـد، لـە باشـووری کوردسـتانیش بەسـەدان گونـد دانیشـتوانەکەی چۆڵیـان کـردووە و لـە ڕۆژئـاواش بیانـووی دایـە سـوپای تورکیـا کـە عەفریـن داگیـر بـکات. ئەوجـا ئەگـەر لێـرەوە بـاس لـە هێرشـکارییەکانی تورکیـاش بـۆ سـەر باشـووری کوردسـتان بکەیـن، ئـەوا دەگەینـە ئـەو قەناعەتـەی کـە پەکەکـە لـە دژی کۆمـاری تورکیـا شـەڕ نـاکات، بەڵکـو میکانیزمێکـە خزمەتـی سیسـتمی تورکیـا دەکات، هـەر بۆیەشـە کاتێـك بـە حیسـاب پەکەکـە چالاکیـەك دژی سـوپای تورکیـا لـە

**ناوەڕۆکی بزاڤی نەتەوەییمان . ماڵباتی بارزانی-یە. زۆر ماڵباتی گەورەش لەجیهاندا کاریگەرییان لەسەر دەوڵەتی نەتەوەیی هەبووە و ئێستا پادشای ئەو وڵاتانەن**

**پەکەکە ئێستا لە ڕووی سەربازییەوە زۆر لاواز بووە و ناتوانێت هیچ کردەوەیەکی سەربازی ئەنجام بدات، بۆیە بەم کارانەی دەیەوێت سەقامگیریی باشووری کوردستان تێکبدات**

**ئەگەر پەکەکە هەوڵی تێکدانی سەقامگیری باشوور نادات، ئەی دروستکردنی هێزی جەوهەری پاراستنی باشووری کوردستان بۆ چییە؟ ئەمە لە کاتێکدا لە کوردستان هێزی پێشمەرگە هەیە و سەلماندوویەتی کە دەتوانێت وڵاتی خۆی بە باشی بپارێزێت**

**ئایدیۆلۆژیەتی پەکەکە، ئایدیۆلۆژیەتێکی چەپی ستالینییە، ئەمەش دیدوبۆچوونێکی هەڵەیە و هەموو ئەو حزبانەشی خۆیان بە چەپ دادەنێن لە بیری نەتەوەیی دوور دەکەونەوە**

**پێوستە نەتەوەی کورد دادگایەکی هەبێت، لەو دادگایەدا هەڵوێستی راشکاوانەی خۆی بەرامبەر پەکەکە دەستنیشان بکات، بەتایبەتی کە ئێستا بە سەدان گوند لە باشوور، دانیشتووانەکەی لە ترسی پەکەکە چۆڵیان کردووە و خەڵکەکە ناتوانن لەسەر ژیانی ئاسایی خۆیان بەردەوام بن**

**پەکەکە لە فیکری نەتەوەیی داماڵدراوە، سیتمێکی هەیە لەدەست دەرچووە و کۆنترۆڵ ناکرێت، شێوازی کاری رێکخراوی لەهەر کاتێکی دیکە ترسناکترە بۆ ئەنجامدانی کاری تێکدان و تیرۆریستی**

**هەموو هەوڵمان بۆ ئەوە بوو کە فیکری نەتەوەیی لەناو پەکەکە بەرەو پێشەوە بەرین و لە فیکری چەپ دووری بخەینەوە، لەسەر ئەم پێداگرییەی ئێمە و رازینەبوونی سەرکردایەتی پەکەکە بەم ئاراستەیە، هەزارانی وەک من لە پەکەکە جیابووینەوە**

**کاتێ خۆی کە من بەرپرسیاری پەکەکە بووم، داوام کرد کۆبوونەوەیەکی نەتەوەیی لە نێوان هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان رێکبخەین، بۆ ئەوەی لەم کۆبوونەوەیەدا یاسا و رێسایەک چاک بکەین و کەس بە کەیفی خۆی رەفتار نەکات، بەڵام پەکەکە ئەمەی قبووڵ نەکرد، بۆیە منیش دەستم لەکار کێشایەوە**

سنوور دەکات، تورکیا ئەمەی پێ خۆشە وەك بیانوویەك بۆ هێرشکردنە سەر باشوور و رۆژئاوا بەکاری بهێنێت، بۆیە بە قەناعەتی من پەکەکە لە خۆیەوە شەڕ ناکات، بەڵکو داردەستێکە بە شێوازی دیکە بۆ ئامانجەکانی تورکیا شەڕ دەکات، هەوڵدەدات کێشە لە هەردوو پارچەی رۆژئاوا باشووری کوردستان دروست بکات.

*** دیارە لەدوای زیندانیکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان، ئیدی لەناو سەرکردایەتیی پەکەکە سیستمێك نییە کە ستراتیژیەتی پەکەکە ئاراستە بکات، ئایا زیندانیکردنی ئۆجەلان چ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر پەکەکە دروستکردووە؟**

- ئۆپەراسیۆنی دەستگیرکردنی بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان، ئۆپەراسیۆنێکی گەورە بوو، ئامانجیش لەم ئۆپەراسیۆنە ئەوە بوو کە پەکەکە بکەنە خزمەتکاری داگیرکەران و بیکەنە هێزێك کە دەوڵەتانی ناوچەکە بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان بەکاری بهێنن، هەر بۆیە دوای زیندانیکردنی ئۆجەلان، زۆر شتی تازە هاتەپێشەوە، من وەك عوسمان ئۆجەلان کە کەسێکی وڵاتپارێز بووم، هەر لەمنداڵییەوە بە ناوی بارزانی ئاشنا بووم و لەناو پەکەکە هەر بە کوردایەتی پەروەردە کرام، ئێمە هەموو هەوڵمان بۆ ئەوە بوو کە فیکری نەتەوەیی لەناو پەکەکە بەرەو پێشەوە بەرین و لە فیکری چەپ دووری بخەینەوە، لەسەر ئەم پێداگرییەی ئێمە و رازینەبوونی سەرکردایەتی پەکەکە بەم ئاراستەیە، هەزارانی وەك من لە پەکەکە جیابووینەوە، بەمەش فیکری چەپ بەسەر پەکەکە زاڵ بوو، لەمەش زیاتر دوای ئەوەی ئێمە لە پەکەکە جیابووینەوە، سەرکردایەتیی پەکەکە ئۆپەراسیۆنێکی دژی ئەو خەڵکە وڵاتپارێزە دەستپێکرد کە بڕوایان بە فیکری نەتەوەیی هەبوو، هەموویان پاکتاوکردن، بۆیە من بە راشکاوی دەڵێم ئۆپەراسیۆنی دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان، ئۆپەراسیۆنێکی گەورە بوو کە هەموو دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان بەشداری بوون، ئامانجیش لەم ئۆپەراسیۆنە ئەوە بوو کە پەکەکە لە فیکری نەتەوەیی دابماڵن. ئێستا وەك دەبینین هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە پەکەکە وەك هێزێکی چەپ بۆ خۆیان بەکار دێنن.

*** ئایا ئەو کەسانە کێن کە ئێستا لە سەرکردایەتیی پەکەکەدا بەم ئاراستەیە پەکەکە هەڵدەسووڕێنن؟**

- کەسە دیارەکانیان بریتین لە (جەمیل بایك، دۆران کەلکان، مستەفا قەرەسوور، موراد قەیلان و .. هتد)، ئەمانە کەسایەتیی کەسیی خۆیان چۆنە، هەر بەو شێوەیەش سیاسەت دەکەن، ئەمەش واتە سیاسەتەکانیان رەنگدانەوەی کەسایەتیی کەسیی خۆیانە، ئەوان سیستمێکیان بۆ پەکەکە دارشتووە کە خزمەتی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دەکات و ئەو دەوڵەتانە ئامانجەکانی خۆیان لەناو ئەو سیستمەی پەکەکە جێبەجێ دەکەن، ئێستاش گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کەسیان ناتوانن ئەو سیستمە رەدبکەنەوە و ناچارن خزمەتی ئەو سیستمە بکەن کە گەوهەری کوردایەتی رەتدەکەنەوە، لەلایەکی دیکە ئەم سەرکردانە گومان لەسەر کوردبوونیان هەیە، هەر بۆ نموونە کەس نازانێت (دۆران کالکان) سەر بە چ نەتەوەیەکە، بەڵام دەزانین کورد نییە. مستەفا قەرەسوور هەزار شاهیدی پێویستە بۆ ئەوەی بزانرێت کوردە یان کورد نییە، زیاتر لە ٣٠ ساڵە لەناو پەکەکەیە، هێشتا چوار وشەی کوردی نازانێت و ناتوانێت کۆبوونەوەیەك بە کوردی بکات، جەمیل بایك خۆی بە کورد نازانیت و خۆی بە عەلەوی دەزانێت، موراد قەرەیلان تەنیا خزمەتی چەپ دەکات و بڕوای بە نەتەوەیی نییە، بۆیە دەتوانم زۆر راشکاوانە بڵێم کە پەکەکە لە فیکری نەتەوەیی داماڵدراوە، سیتمێکی هەیە لەدەست دەرچووە و کۆنترۆڵ ناکرێت، شێوازی کاری رێکخراوی لەهەر کاتێکی دیکە ترسناکترە بۆ ئەنجامدانی کاری تێکدان و تیرۆریستی.

*** ئێستا باس لەوە دەکەن کە پەکەکە لە دابونەریتی کوردەواریش دوور کەوتۆتەوە، ئەو کارانەی بە درێژایی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان هیچ هێزێکی سیاسی پەنای بۆ نەبردووە، پەکەکە هەموو ئەوکارانە دەکات، ئایا سروشتی ئەم حزبە چۆن ئەم هەموو شتانە قبووڵ دەکات؟**

- پەکەکە ئێستا سیاسەتی خۆکوژ پیادە دەکات و ژیان رەدەکاتەوە. لەدوای دەستگیرکردنی ئاپۆ، هەموو دەمانپرسی چی بکەین؟ ئەوە بوو



پەکەکە دەیگوت لەماڵبات دەربکەون، واتە ژیان ڕەدبکەنەوە، فیکری نەتەوەیی ڕەد بکەنەوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە هەڵەیەش پەکەکە هەموو کەس بەکار دەهێنێت، هەر لە مێرمنداڵی ١٠-١٥ ساڵ تا هەموو تەمەنەکانی دیکە، هەر بۆیە لە دوای دەستگیرکردنی ئۆجەلان، پەکەکە بە هەڵە خۆی بونیاد نایەوە و لەسەر ئەو هەڵەیەش بەردەوام بوو، کاتی خۆی کە من بەرپرسیاری پەکەکە بووم، داوام کرد کۆبوونەوەیەکی نەتەوەیی لە نێوان هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان ڕێکبخەین، بۆ ئەوەی لەم کۆبوونەوەیەدا یاسا و ڕێسایەك چاك بکەین و کەس بە کەیفی خۆی ڕەفتار نەکات، بەڵام پەکەکە ئەمەی قبووڵ نەکرد، بۆیە منیش دەستم لەکار کێشایەوە، ئەمە مانای ئەوەیە پەکەکە هەر دەیەوێت بەو شێوە کار بکات کە خۆی دەیەوێت.

*** ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێینەوە سەر ڕۆژئاوای کوردستان، ئێستا باس لەوە دەکرێت کە پەیەدە هەوڵدەدات چیدیکە گرێدراوی سەرکردایەتیی پەکەکە لە قەندیل نەبێت، ئایا ئەمەی بۆ دەکرێت؟**

- پەیەدە دەبوو هەندێك تایبەتمەندیی خۆی هەبێت، پێش گرتنی عەبدوڵا ئۆجەلان پەکەکە هەنگاوی هەڵگرت بۆ دروستکردنی (پەیەدە و پژاك) ئەم ئەرکە من جێبەجێم دەکرد و بە دوو ئالیەتی جیاواز پەیەدە و پژاکم دروست کرد، قەناعەتی من بەو جۆرە بوو کە دەبێت ئەم دوو هێزە تازەیە وەك هێزێکی نەتەوەیی لە خزمەتی کوردایەتی و کوردستاندا بن. هەروەها ئامانجمان ئەوە بوو پشتگیرییان بکەین بۆ ئەوەی ببنە هێزی سەربەخۆ و گرێدراوی پەکەکە نەبن و بەپێی تایبەتمەندیی کوردستانی خۆیان خەبات بکەن، بەڵام سەرکردایەتیی پەکەکە لە قەندیل پێیان داگرت کە دەبێت (پەیەدە و پژاك) گرێدراوی قەندیل بن، هەر بۆیە ئەگەر (پەیەدە و پژاك) هەڵەیەکیشیان هەبێت، هەڵەکە هەڵەی پەکەکەیە، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش (پەیەدە و پژاك) هەندێك تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، ئەگەر ئیمکانیەت و بواریان بۆ هەڵبکەوێت، دەتوانن خزمەتی نەتەوەیی بکەن، بەڵام پەکەکە هەوڵدەدات ئەم دووهێزە هەر لەژێر هەژموونی خۆیدا بێت.



# بەبێ چاکسازییەکی بەردەوام ناتوانین حوکمڕانییەکی باش و سەرکەوتوومان هەبێت



# هەموو کات مێژووی پارتی باری سەرشانی پارتی قورس کردووە، هاووڵاتیانی کوردستانیش بە چاوی ئومێدەوەوە سەیری ئەو حوکمڕانییە دەکەن کە پارتی رۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوەی تێدا دەگێڕێت



**عارف روشدی**

راوێژکاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

بۆ گوڵان نووسیویەتی

پرۆسەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان گۆڕانکارییەکی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، ئەم گۆڕانکارییەش لە دیدو تێڕوانینی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بە ئەرێنی سەیر دەکرێت، لەبەر ئەوەی پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات بۆ جومگەکانی حوکمڕانی لەناو خودی پارتییەوە ئەنجامدرا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەم پارتە بڕوای بەوە هەیە کە ئاڵوگۆڕکردنی جومگە گرنگەکان کارێکی ئاسایی و پێویستە.

ئاشکرایە هەموو کات مێژووی پارتی باری سەرشانی پارتی قورس کردووە، هاووڵاتیانی کوردستانیش بە چاوی ئومێدەوە سەیری ئەو حوکمڕانییە دەکەن کە پارتی رۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوەی تێدا دەگێڕێت، ئەم ئومێدەش لەو باوەڕەوە سەرچاوەی گرتووە کە پارتی بە درێژەپێدەری فیکر و رێبازی بارزانی دەزانن، بێگومان کورتترین پێناسەش بۆ فیکر و رێبازی بارزانی مانای کوردایەتییە، لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر نەتوانین حوکمڕانییەکی باش پێشکەش بکەین، ئەوا ناتوانین مانای کوردایەتیش لە ئاستێکی بەرزدا پێناسە بکەین.

لەسەر ئەم بنەمایە سەرۆك مسعود بارزانی کە ئەویش پەروەردەی بەردەستی سەرۆکی گەلەکەمان مەلا مستەفا بارزانی بووە و، هەروەها درێژە پێدەری ریبازەکەشیەتی، لە راستکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا، زۆر وردبینانە هەوڵیداوە کاراکتەرە بەئەزموونەکان بۆ سەرخستنی قۆناخی تازەی حوکمڕانی لە کوردستان بۆ مەکتەبی سیاسی پێشنیار بکات و مەکتەبی سیاسیی پارتییش پشتگیری لە پشنیارەکانی سەرۆك بارزانی کردووە.

**سەرۆک بارزانی لە جەنابی مەلا مستەفا بارزانی-یەوە فیربووە، لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا زۆر دووربینانە کاردەکات، لە هەڵسەنگاندنیش بۆ مەزندە و دەرەنجامەکان وردبینییەکی هێجگار گەورەی هەیە**

**سەرۆک بارزانی لە بواری بیرکردنەوەی بۆ خۆشگوزەرانیی گەلەکەی ئەو قەناعەتەی هەیە کە دەبێت خەڵکی کوردستان بە جیاوازی نەتەوە و ئایین و بیروبۆچوونی سیاسییەوە لەم نیشتمانەدا ئازاد و خۆشگوزەران بژین**

سەرۆك بارزانی لە جەنابی مەلا مستەفا بارزانی-یەوە فیربووە، لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا زۆر دووربینانە کاردەکات، لە هەڵسەنگاندنیش بۆ مەزندە و دەرەنجامەکان وردبینییەکی هێجگار گەورەی هەیە، لە بواری بیرکردنەوەشی بۆ خۆشگوزەرانیی گەلەکەی ئەو قەناعەتەی هەیە کە دەبێت خەڵکی کوردستان بە جیاوازی نەتەوە و ئایین و بیروبۆچوونی سیاسییەوە لەم نیشتمانەدا ئازاد و خۆشگوزەران بژین، لەسەر ئەم بنەمایە بۆ ئەوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ئومێدی خەڵکی کوردستاندا بێت، بەهێزترین دوو کەسایەتیی ناو پارتی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیران دەستنیشان کردووە، کە ئەوانیش بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی و مسرور بارزانی-ن.

دەستنیشانکردنی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی قووڵی سەرۆك بارزانی-یە، جۆرێکە لە خەڵاتکردن، چونکە ئەم دەوڵەمەتدارە سەلماندی لە ئاستی متمانەی خەڵکی کوردستان و متمانەی سەرۆك بارزانیدایە، بەتایبەتی کە لەدوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ نێچیرڤان بارزانی چووە ژێرباری بەرپرسیاریەتی قۆناخێکی سەخت و دژوارەوە، بارودۆخێك کە بەشی هەرە زۆری حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ئاستی بەرپرسیاریەتی هەڵاتن و خۆیان لە حکومەت جیاکردەوە و دەیانویست وا پیشان بدەن، هەموو شتێك کۆتایی هاتووە و هەرێمی کوردستان هەڵدێراوە، بەڵام لەم ڕۆژە سەختانەدا نێچیرڤان بارزانی بە ورەیەکی بەرز و بە لۆژیکێکی دەوڵەتمەدارێکی لێهاتوو مامەڵەی لەگەڵ ئەو بارودۆخە سەختە کرد و توانی ئەو هەموو گەمارۆ و قەیرانەی بەسەر کوردستاندا سەپێنرا بوون، خاو بکاتەوە و سەرلەنوێ کوردستان لە پیلانی نەیاران ڕزگار بکات، بۆیە کاتێك سەیری دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی بەڕێز نێچیرڤانی بارزانی دەکەین لەلایەن سەرۆك بارزانی یەوە بۆ ئەم پۆستە گرنگە، دەگەینە ئەو قەناعەتەی، سەرۆك دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ و هەڵسەنگاندنێکی زۆر ورد ئەمەی کردۆتە پێشنیار بۆ مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی سیاسیش هەر لەسەر ئەم بنەمایە پشتگیری لە پێشنیارەکەی سەرۆك بارزانی کردووە.

هەر لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری بەڕێز مسرور بارزانی بکەین کە دیسان هەڵبژێردراوی سەرۆك بارزانی-یە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران و مەکتەبی سیاسی پەسەندی کردووە، دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ئەزموونی سەرکەوتووی کارکردنی بەڕێز مسرور بارزانی بۆ دابینکردنی ئاشتی و تەناهی لەکوردستاندا، پێشتریش هەر تەواوکاری کارەکانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بووە کە ئەو کات سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان بووە، چونکە ئەگەر ئەو تەناهی و ئارامییە لە کوردستاندا فەراهەم نەکرایە، ئەوا دەستکەوتە سیاسییەکانیش بەو ئاستەی ئێستا نەدەبوون، لەم خاڵەوە پێکەوە گرێدانەوەی توانا و ئەزموون و سەرکەوتنەکانی هەردوو بەڕێزان (نێچیرڤان بارزانی و مسرور بارزانی) بۆ بونیادنانی کوردستانێکی بەهێز و حوکمڕانییەکی باش لە کوردستاندا، ئەو ڕەهەندەیە کە سەرۆك بارزانی زۆر بە قووڵی و وردی بیری لێ کردۆتەوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، جیا لەوەی خۆیان دوو کەسایەتیی خاوەن ئەزموون و سەرکەوتوون، لە هەمانکاتدا پارتێکی گەورەی وەك پارتی دیموکراتی کوردستان پشتیوانییان لێ دەکات و لە هەمانکاتیشدا ئەوانیش ئەو بەرنامەیە جێبەجێ دەکەن کە پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەڵبژاردن پێشکەشی خەڵکی کوردستانی کردووە و هەروەها ئەو بەرنامەیەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەی بەشدار لە حکومەتدا پێ کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە، ڕاستە ئەو بەرنامەیەی ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵدەدات جێبەجێی بکات، بەرنامەیەکی هاوبەشی هەر سێ لایەنی (پارتی و یەکێتی و گۆڕانە) کە پێکەوە حکومەتیان پێکهێناوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەو بەرنامە هاوبەشەش ڕەنگدانەوەی دید و تێڕوانینی پارتی دیموکراتی کوردستانە بۆ حوکمڕانیی هاوبەش و دروستکردنی بڕیاری هاوبەش و جێبەجێکردنی هەمەلایەنەی ئەو بەرنامەیە بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان..

**لەدوای نۆڤەمبەری ٢٠١٧ نێچیرڤان بارزانی بەرپرسیاریەتی قۆناخێکی سەخت و دژواری لەلایەن سەرۆک بارزانی-یەوە خرایە سەرشانی، بارودۆخێک کە بەشی هەرە زۆری حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ئاستی بەرپرسیاریەتی هەڵاتن**

**گرێدانەوەی توانا و ئەزموون و سەرکەوتنەکانی هەردوو بەڕێزان ( نێچیرڤان بارزانی و مسرور بارزانی) بۆ بونیادنانی کوردستانێکی بەهێز و حوکمڕانییەکی باش لە کوردستاندا، ئەو ڕەهەندەیە کە سەرۆک بارزانی زۆر بە قووڵی و وردی بیری لێ کردۆتەوە**

**بەڕێز مسرور بارزانی کە پرۆسەی چاکسازی کردۆتە ئەولەوییەتی بەرنامەی کابینەکەی، دەرەنجامی خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنەی سەرۆک بارزانی و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە پێشتر زۆر کاری جددی لەسەر کراوە**

لەسەر ئەم بنەمایە، لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاکسازی ئەولەوییەتی پێ دراوە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لە بەرچاو بێت کە چاکسازی پرۆسەیەکی گەورەیە و بەردەوامی دەوێت، راستە پرۆسەی چاکسازی پێویستی بە پشتگیری یاسا هەیە، بەڵام دیسان پرۆسەکە بە تەنیا بە دەرکردنی یاسایەك، یان چەند یاسایەك کۆتایی نایەت، بەڵکو پێش هەموو شت پرۆسەی چاکسازی پێویستی بە ئیرادەیەکی نیشتمانی هەیە، بەڕێز مسرور بارزانی ڕاشکاوانە پرۆسەی چاکسازی کردۆتە ئەولەوییەتی بەرنامەی کابینەکەی، کە دەرەنجامی خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنەی سەرۆك بارزانی و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە پێشتر زۆر کاری جددی لەسەر کراوە و هەموو لایەنەکانی دیراسەت کراوە، ئینجا کراوەتە ئەولەوییەتی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە شێوەیەکی گشتی سەرۆك بارزانی و مەکتەبی سیاسی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر نەتوانین چاکسازییەکی ریشەیی بکەین، ئەوا ناتوانین حوکمڕانییەکی تەندروستمان هەبێت.

ئەوجا ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە هەڵوەستەیەك لەسەر نەفەسدرێژی و هەوڵەکانی پارتی بکەین لە پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەوا دەبینین کە لە ماوەی نۆ مانگی پرۆسەی بەردەوامی دانوستاندن بۆ پێکهێنانی حکومەت، پارتی هەموو هەوڵی خۆی خستەکار بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ لایەنە سەرەکییەکاندا بگاتە رێککەوتن و بە هاوبەشی حکومەتەکە پێکبهێنن، ئەم سووربوونەی پارتی لەسەر بەشداریی لایەنە سەرەکییەکان، ئەو تێگەیشتنەی پارتیمان بۆ دەردەخات کە دەزانێت پرۆسەی چاکسازی چەند ئەرکێکی قورس و گرانە و پێویستە لایەنە سیاسییەکانی دیکە و هەروەها خەڵکی کوردستانیش پێکەوە شانی بدەینە بەر بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە بتوانین حوکمڕانیەکی ئەوتۆ بێتە ئاراوە کە شایستەی خەڵکی کوردستان بێت و سەرکەوتووبین.

سەبارەت بە پرۆسەی چاکسازییش، لە دید و تێڕوانینی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، چاکسازی پرۆسەیەکی هەمەلایەنە و تێکڕای هەیکەلی دامەزراوەکان لە هەموو سێکتەرە جیاوازەکان دەگرێتەوە، بۆیە ئەگەر مەزندەی ئەوە بکەین کە ئەم پرۆسەیە بە ماوەیەکی کورت، یان تەنانەت لەماوەی چوار ساڵی داهاتووی حکومەتدا تەواوی چاکسازییەکان ئەنجام دەدرێن، من پێموایە زیاد لە پێویست خۆمان گەشبین دەکەین، بەڵام گرنگە لەو راستییە دڵنیا بین کە دەستپێکردنی چاکسازی دەرگاکان واڵا دەکات بۆ ئەوەی قۆناخ بە قۆناخ هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرین و پرۆسەی چاکسازی بکەینە پرۆسەیەکی بەردەوام و ئەو قەناعەتەمان لادروست بێت، ئەو سێکتەرەی ئەمڕۆ چاکسازی تێدا دەکەین، لەوانەیە هەمان سێکتەر لە یەك دوو ساڵی داهاتوو پێویستی بە چاکسازیی دیکە هەبێت، بەڵام ئەوەی کە بە دەستپێکی ئەم پرۆسەیە گەشبینمان دەکات ئەوەیە کە بەڕێز مسرور بارزانی وەك سەرۆك وەزیران ئەو ئیرادەیەی تێدا دەبیندرێت کە توانای ئەنجامدانی چاکسازی هەیە، هەروەها ئەوەش ئاشکرایە کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان پشتیوان و هاوکارێکی تەواوی دەبێت.

ئەوەی لە دەستپێکی ئەم قۆناخە تازەیەی حوکمڕانی لە کوردستاندا هەستی پێ دەکرێت و دەکرێت وەك ئومێدێك بە گەشبینییەوە سەیر بکرێت، ئەوەیە کە هەست دەکرێت جۆرێك لە هەماهەنگی و هاوسەنگی لەنێوان کۆی دامەزراوە گرنگەکانی حوکمڕانیدا هەیە، بەتایبەتیش هەست دەکرێت ژینگەی سیاسیی پەرلەمانی کوردستان بەرەو سەقامگیرییەکی سیاسی دەچێت و لەو کەش و هەوایەدا لایەنەکانی بەشدار لە حکومەت و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی پێکەوە کۆکردۆتەوە، ئەمەش بێگومان دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ چەکەرەکردنی دیموکراسی پەرلەمان لە ئاستێکی باشدا رۆڵی چاودێریی خۆی لەسەر حکومەت بە باشی بگێڕێت و لە هەمانکاتیشدا هاوکاری حکومەت بێت بۆ ئەوەی بە یاسای تازە پشتگیری لە جێبەجێکردنی بەرنامەکەی بکات، دیارە لە سەرووی هەماهەنگیی پەرلەمان و حکومەت، دەسەڵاتی دادوەرییش لە کوردستاندا رۆڵێکی دیار و بەرچاو و گرنگی دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەتا یاسا سەروەر نەبێت، ئەوا ناتوانرێت هەنگاوی گرنگ بۆ حوکمڕانیی باش هەڵبگیرێت.

**سەرۆک بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر نەتوانین چاکسازییەکی ریشەیی بکەین، ئەوا ناتوانین حوکمڕانییەکی تەندروستمان هەبێت**

**ژینگەی سیاسیی پەرلەمانی کوردستان بەرەو سەقامگیرییەکی سیاسی دەچێت و لەو ناو ئەو سەقامگیرییەدا لایەنەکانی بەشدار لە حکومەت و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی پێکەوە کۆکردۆتەوە**

**ئەوەی لە دەستپێکی ئەم قۆناخە تازەیەی حوکمڕانی لە کوردستاندا هەستی پێ دەکرێت و دەکرێت وەک ئومێدێک بە گەشبینییەوە سەیر بکرێت، ئەوەیە کە هەست دەکرێت جۆرێک لە هەماهەنگی و هاوسەنگی لەنێوان کۆی دامەزراوە گرنگەکانی حوکمڕانیدا هەیە**





### خوێندنەوەیەک لە دیدی ئاسایشی نەتەوەییەوە

# بەرنامەی کابینەی نۆیەم شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن



د.نەژدەت ئاکرەیی
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەگەر لە روانگەی ئاسایشی نەتەوەییەوە خوێندنەوەیەك بۆ بەرنامەی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان بكەین، ئەوا دەبێت لەسەرەتاوە ئاماژە بۆ ئەوە بكەین كە بەرنامەی كابینەی نۆیەم، بەرەنجامی رێككەوتنێكی سیاسیی لایەنە بەشدارەكانی حكومەتە، بۆیە هەم بەرنامەكە بەرنامەیەكی هاوبەشە، هەمیش جێبەجێكردنیشی بەرپرسیاریەتێكی هاوبەشەو، بەرنامەكەش لە ٨ تەوەری سەرەكی پێكهاتووە كە بریتین لە: (چاكسازی، خزمەتگوزاری، كارگێری، پەیوەندییەكانی نێوان هەرێم و حكومەتی فیدراڵی، ئازادی و دیموكراتی و پێكەوەژیان، پەیوەندییە هەرێمییەكان، پەیوەندییە نیودەوڵەتییەكان).

باشترین دەستپێك بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم بەرنامەیە بە دیدی ئێمە دوولایەنە كە بریتین لە:

١. شیكردنەوەی هەیكەلییەتی دامەزراوەكان لە ناو ئەم بەرنامەیەدا.

٢. شیكردنەوەی بابەتی تەوەرەكانی بەرنامەكە.

لێرەوە ئەگەر سەرنج لە تەوەرەكانی ئەم بەرنامەیە بدەین، ئەوا دەتوانین بە چاوخشاندنێكی خێرا بەمجۆرە پۆلێنی بكەین:

- لەبواری چاكسازی ١٣ تەوەری لە خۆی گرتووە كە بوارەكانی (كارگێڕیی گشتی، رۆتینی دامودەزگاكان، قۆرخكردنی وەزیفی، شەفافیەتی دارایی، سیستمی خۆراك و دەرمان، سیستمی باج، چاودێریی پەرلەمانی، سیستمی بەرگری و ئاسایش و سەرورەریی یاسا و.. هتد) دەگرێتەوە. ئەگەر سەرنج بدەین ئەمانە هەموویان ئەركی قورسن، هەروەها بەرنامەكە فرەلایەن و گشتگیرە، هاووڵاتیشی كردۆتە مەحەك بۆ كۆی پرۆسەكانی چاكسازی.

- لە تەوەری خزمەتگوزارییشدا كە بوارەكانی وەك ( تەندروستی، ئاو و كارەبا، پەروەردە، كەرتی تایبەت، ژینگە، ئاوەدانكردنەوە، توێژینەوەی زانستی و خوێندنی باڵا و سیستمی ئەلیكترۆنی و...هتد) دەگرێتەوە، ئەمانەیش ١٤ پرسن و پەیوەستن بە دابینكردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان بە شێوەیەكی فراوان، بەڵام دیسان ئەم تەوەرەش گشتگیر و هەمەلایەنە.

- پرسێكی دیكەی گرنگ سەبارەت بە چۆنیەتی رێكخستنەوەی پەیوەندییەكانی نێوان هەرێم و حكومەتی فیدراڵییە، ئەم پرسە سنووردار كراوە بە حكومەت، واتە حكومەتی هەرێمی كوردستان نەك حزبە سیاسییەكان ئەم ئەركە لە ئەستۆ دەگرن و بۆ رێكخستنەوەی ئەم پەیوەندییانەش دەستووری عێراق حەكەمی نێوان هەردوولا دەبێت، ئەو پرسە گرنگانەشی كە پێویستە لەنێوان هەردوولا چارەسەر بكرێن، بریتین لە (كێشەی ناوچە جێ ناكۆكەكان و جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق، مافە دەستوورییەكانی گەلی كوردستان، چارەسەری كێشەی پێشمەرگە و كێشەی نەوت و گاز و پشكی هەرێم لە دامەزراوەكانی دەوڵەتی فیدراڵیدا، هەروەها مەسەلەی یاسای دادگای فیدراڵیش لە عێراقدا).

- لە بواری ئازادی و دیموكراتی و پێكەوەژیان، ئەمە پرسێكی گرنگە بۆ پێكەوەژیانی نێوان پێكهاتە جیاوازەكانی كوردستان و هەروەها پرسی بنەما دیموكراتییەكان سەبارەت بە ئازادییە سیاسییەكان، ئەمەش لایەنێكی گرنگە لە ژیانی سیاسیی ناوخۆی هەرێمی كوردستان.

- تەوەری سیاسەتی ئابووری و دارایی، هەوڵدان بۆ هەمەجۆركردنی سەرچاوەكانی ئابووریی داهات لە كوردستاندا و رێكخستنەوەی سیستمی بانكی، ئەمانەش پرسی گرنگن و كاریگەریی گەورەی لەسەر ئاستی پەرەپێدان و دابینكردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان دەبێت.

- لە بواری دابەشكردنی دەسەڵاتەكان و دابەزاندنی دەسەڵاتەكان، هەوڵدان بۆ پشتگیری لە لامەركەزییەتی پارێزگاكان هەنگاوێكی گرنگە بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی هەیكەلی دامودەزگاكان لە هەرێمدا.

- هەوڵدان بۆ دووبارە رێكخستنەوەی پەیوەندیەكانی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمی لەسەر بنەمای رێز و بەرژەوەندیی هاوبەش و هەرێم ببێتە بەشێك لە چارەسەر بۆ كێشەكان، ئەمەش فاكتەرێكی دیكەی گرنگە بۆ سەقامگیری لە كوردستاندا.

دیارە بۆ جێبەجێكردنی ئەم بەرنامە گشتگیر و هەمەلایەنە هیچ سەقفێكی زەمەنی دیاری نەكراوە، ئەمەش واتە ماوەی ٩٠ رۆژ یان شەش مانگ یان ساڵێك كە هەندێك حكومەت دیاری دەكات، لەم بەرنامەیە هیچ كاتێك دیاری نەكراوە، بۆیە دەبێت بگەڕێینەوە سەر ئەوەی كە ئەم

**چۆنیەتی رێكخستنەوەی پەیوەندییەكانی نێوان هەرێم و حكومەتی فیدراڵییە، ئەم پرسە سنووردار كراوە بە حكومەت، واتە حكومەتی هەرێمی كوردستان نەك حزبە سیاسییەكان ئەم ئەركە لە ئەستۆ دەگرن و بۆ رێكخستنەوەی ئەم پەیوەندییانەش دەستووری عێراق حەكەمی نێوان هەردوولا دەبێت**

**هەوڵدان بۆ هەمەجۆركردنی سەرچاوەكانی ئابووریی داهات لە كوردستاندا و رێكخستنەوەی سیستمی بانكی، ئەمانەش پرسی گرنگن و كاریگەریی گەورەی لەسەر ئاستی پەرەپێدان و دابینكردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان دەبێت**

کابینەیە تەمەنی چوار ساڵە، ئەگەر بەشێوەی یاسایی و دەستووری خۆی بەڕێوەبڕوات، بۆیە کابینەی نۆیەم شێوازێکی دینامیکیی نەرمی داوە بەخۆی و دەیەوێت بە درێژایی چوار ساڵی داهاتوو هەوڵەکانی چڕ بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەم بەرنامەیە جێبەجێ بکات.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا چ لایەنێك ئەرکی شیکردنەوەی هەیکەل لەئەستۆ دەگرێت؟ ئایا وەزارەتەکانن، یان دەستە سەربەخۆکان، یان دامەزراوەی پەرلەمانی و دادوەری، یان دامەزراوە سیاسییەکان، یان حزبەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕاگەیاندن، یان ناوەندەکانی توێژینەوە ڕۆڵێك دەگێڕن؟

بێگومان ئەم دامەزراوانە هەموویان ڕۆڵی خۆیان لەو پرۆسەیەدا دەگێڕن، بەڵام دەبێت ئەوەمان لە بیر بێت، ڕۆڵی جیاواز دەگێڕن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بە پلەی یەکەم چاودێری پەرلەمانی، ئەدای وەزارەتەکان، ڕای گشتی، خوێندنەوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە شیکردنەوەی هەیکەلیەتی ئەم کابینەیەدا.

لایەنێکی دیکە کە گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە ئەم کابینەیە ڕووبەڕووی چەند تەحەددییەك دەبێتەوە کە بە بۆچوونی ئێمە بریتی دەبن لە:

- تەحەددی ئاسایش و سەربازی.
- تەحەددی سیاسیی پەیوەست بە سیاسەتی ناوخۆی هەرێم.
- تەحەددی ئابووری.
- تەحەددی ئیقلیمی مەبەست لە وڵاتانی (تورکیا، عێراق، ئێران و سوریا)یە.

لەگەڵ ئەوەی کابینەی نۆیەم لەم ناوچە ئاڵۆزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جۆرێك لە سەقامگیری سیاسی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام لەبەرامبەر ئەو ڕووداوانەی چوار ساڵی ڕابردوو کە بریتی بوون لە تەحەددی (ئاسایش و سەربازی، ئابووری، سیاسی) ئەو پرسیارە دێتەئاراوە: ئایا ئەو ڕێککەوتنەی لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لەم کابینەیە لەسەری ڕێککەوتوون، لەسەر ئەساسی میساقێکی شەرەفە، یان بەرژەوەندیی هاوبەش پێکەوە کۆی کردوونەتەوە لە پێکهێنانی ئەم کابینەیەدا؟ ئەمەش لایەنێکی گرنگە لە پرسی هەڵسەنگاندن بۆ کابینەی نۆیەم.

هەروەها سەبارەت بە شێوازی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ تەحەددییە ئیقلیمیەکان، ئەمەشیان دۆسیێیەکی ئاڵۆزە، دەبێت هەر دۆسیێیەك بە جیا بخوێندرێتەوە و دیراسەت بکرێت، هەر بۆ نموونە: ئاشکرایە کە دۆسیێی تورکیا جیا لە دۆسیێی ئیران، هەروەها هەردووکیشیان جیاوازن لە دۆسیێی پەیوەندییەکانی هەرێمی و حکومەتی فیدراڵی و هەر سێ دۆسیێیەکەی پێشووش جیاوازن لە دۆسیێی سووریا..، ئاشکرایە ئەم دەوڵەتانە هەر یەکەیان کێشەی خۆیان هەیە، زۆر جار کێشەکانی خۆیان هەناردەی هەرێم دەکەن و تەسفیەی نێوان خۆیان لە هەرێم دەکەن، کە ئەمەش تەحەددی زۆر گەورەن.

**دەوڵەتانی عێراق، تورکیا، ئێران و سووریا هەر یەکەیان کێشەی خۆیان هەیە، زۆر جار کێشەکانی خۆیان هەناردەی هەرێم دەکەن و تەسفیەی نێوان خۆیان لە هەرێم دەکەن، کە ئەمەش تەحەددی زۆر گەورەن**

لەسەر ئەم پرسە و سەبارەت بە چالاککردنی ڕۆڵی دیپلۆماسیەت، ئەدای نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە و دەبێت دیپلۆماتیەتی خۆمان چالاك بکەین و هەوڵبدەین نوینەرەکانمان بۆ ئەم ئەرکە باشتر ئامادە بکەین، ئەمەش چ بە مەشقپێکردن بێت، یان بە پسپۆڕی و تەکنۆکراتی، دەکرێت لە چوارچێوەی پەیمانگایەکی دیپلۆماتی ئامادەیان بکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو نوێنەرایەتییانە پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە.

- لە ڕووی ئاسایش و بەرگرییەوە، بوونی پسپۆڕی ئەکادیمی مەسەلەیەکی گرنگە.
- سەبارەت بە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا، ڕاستە دەستوورمان کردۆتە بنەما بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام گرنگە ئەوانەی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان دەکەن لەبەغدا، پێشتر بە بەرنامەی ئامادەکراوەوە بچنە بەغدا و بە وردی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقیان هەر لە پەرلەمان و حکومەت و دەستەکان خوێندبێتەوە.

**دەبێت دیپلۆماتیەتی خۆمان چالاك بکەین و هەوڵبدەین نوینەرەکانمان بۆ ئەم ئەرکە باشتر ئامادە بکەین، ئەمەش چ بە مەشقپێکردن بێت، یان بە پسپۆڕی و تەکنۆکراتی، دەکرێت لە چوارچێوەی پەیمانگایەکی دیپلۆماتی ئامادەیان بکەین**

کەواتە ئەگەر لە دیدوبۆچوونی ئاسایشی نەتەوەییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، ئەوا وای دەبینین بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرنامەیەکە بۆ قۆناخی بونیادنانەوەیەکی تازە لەسەر بنەمای شیکردنەوەی هەیکەلی و شیکردنەوەی بابەتییانە بۆ ئەو بابەتانەی لەم بەرنامەیەدا هاتوون، کە هەموویان گشتگیر و هەمەلایەنن، بەڵام بەرنامەکەش بەرنامەیەکی هاوبەشی هەر سێ لایەنی (پارتی و یەکێتی و گۆڕانە) کە بەشدارن لەم کابینەیە و ئەوەی ئەم سێ لایەنەشی کۆکردۆتەوە، هێڵە



گشتییەکانە، بۆیە دوای پێکهێنانی کابینەکە دەست بەکاربوون، ئەوا بەرنامەکە دانراوە بۆ ئەوەی:

١. دووبارە بونیادنانەوەی هەیکەلی دامەزراوەکان.

٢. چارەسەری یاسایی سەرلەنوێ بە دەرکردنی یاسای نوێ، یان هەمواركردنەوەی ئەو یاسایانەی پێویستیان بە هەمواركردنەوە هەیە.

٣. چالاککردنی رۆڵی پەرلەمانی کوردستان، بەتایبەتیش چاودێریی پەرلەمانی بۆ کارەکانی حکومەت.

٤. رۆڵی هاووڵاتیان و ئەو حزبە سیاسییانەی کە لە حکومەتدا بەشدار نین، واتە رۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەبینن، بەداخەوە وا دەبیندرێت کە ئۆپۆزسیۆن لاوازە و ناتوانێت کاریگەری لەسەر دارشتنی بریار هەبێت، بۆیە گرنگە ئۆپۆزسیۆن رۆڵێکی کارای لە پەرلەماندا هەبێت، بەڵام ئەوەی ئێستا هەیە، ناتوانێت ئەو رۆڵە بگێڕێت، بۆیە دەبێت پشتگیریی ئۆپۆزسیۆن بکرێت، چونکە ئۆپۆزسیۆن گرنگە.

لایەنێکی دیکە کە جێگەی پرسیارە، ئەوەیە: ئایا ئەم بەرنامەیە قۆناخییە، یان رەهەندێکی ستراتیژی هەیە؟ ئەوەی هەتا ئێستا، لەم بەرنامەیە دەخوێندرێتەوە، دەتوانین بڵێین: ئەم بەرنامەیە چارەسەرێکی قۆناخییە بۆ ئەو کێشانەی ئێستا دەستنیشان کراون، بەڵام بە جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە کاریگەری لەسەر رەهەندە ستراتیژییەکەی دەبێت و لەوانەیە سیمای ئەو حوکمڕانییەی ئومێدی بۆ دەخوازین لە ٥-١٠ساڵی داهاتوو بە تەواوەتی دەربکەوێت.

فاکتەرێکی دیکەی گرنگ کە کاریگەری لەسەر شێوازی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە دەبێت، ئەوەیە کە پێکهاتەی ئەم کابینەیە لە رووی تەمەنەوە جیاوازن، کاراکتەرە سەرەکییەکان لەنێوان گەنجان و خاوەن ئەزموونی سیاسی و ئەزموونی وەزیفی و جاروباریش بەرەو تەکنۆکرات چووە. بەڵام ئەوەی گرنگە بیخەینە بەرچاو، ئەوەیە کە ئەرکی راپەڕاندنی کارەکان بە رێکوپێکی هەمووی لەسەر شانی خودی وەزیر نییە، بەڵکو ئەرکەکە دەکەوێتە سەرشانی ئەو تیمەی کە لەگەڵ وەزیر کاردەکەن و ئەو تیمە دەتوانێت رۆڵی وەزیرەکان چالاك بکات، بۆ ئەمەش خودی یاسای ئەنجومەنی وەزیران کە یاسایەکی کۆنی ساڵی ١٩٩٣ یە، پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، وەزارەتەکان کە ١٩ وەزارەتن، یاسای هەموو وەزارەتەکان پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە.

لێرەدا پرسێکی دیکەی گرنگ سەرهەڵدەدات: ئایا ئەو کارانەی ئەم بەرنامەیە دیاریکردن بە کەسانی سیاسی، یان دەوڵەتمەدار دەکرێن؟ بە بۆچوونی من ئەم کارانە بەو دەوڵەتمەدارانە دەکرێت کە توانای بەڕێوەبردنی قەیرانەکانیان هەیە. بۆیە لەم روانگەیەوە دەکرێت بڵێین: گەشبینییەکی رێژەیی نەك رەها بەم بەرنامەیە هەیە، هەنگاوە سەرەتاییەکان پەیوەستن بە رێکخستنەوەی دەوام لە فەرمانگاکان، کەمکردنەوەی رۆتین، جێبەجێکردنی سیستمی ئەلیکترۆنی، ئەمانە هەنگاوی باشن، بەڵام زیاتر بە پەنابردن بۆ ئەقڵی تەکنۆکرات و ئەکادیمییەکان و سوودوەگرتن لە ئەزموونی سەنتەرەکانی توێژینەوە.

ئاشکرایە راگەیاندنیش رۆڵێکی گرنگی هەیە، لەبەر ئەوەی راگەیاندنیش بەرپرسیارە لە

**ئەم بەرنامەیە چارەسەرێکی قۆناخییە بۆ ئەو کێشانەی ئێستا دەستنیشان کراون، بەڵام بە جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە کاریگەری لەسەر رەهەندە ستراتیژییەکەی دەبێت و لەوانەیە سیمای ئەو حوکمڕانییەی ئومێدی بۆ دەخوازین لە ٥-١٠ ساڵی داهاتوو بە تەواوەتی دەربکەوێت**

**سایکۆلۆژیەتی هاووڵاتی ئێمە لە ژێر ئەو گوشارە دەروونی و سیاسی و ئابوورییانەدا پارچە پارچە بووە، بەڵام بەرنامەی ئەم کابینەیە وا دەکات ئارامییەکی سایکۆلۆژی لای هاووڵاتیان دروست بکات، دەتوانێت وا بکات دامەزراوەکان کاری خۆیان بکەن، بەڵام گرنگە لە سەرەتاوە روانگەیەک بۆ چاودێری هەبێت**



شیکردنەوەی پرسەکان، یان چۆن مامەڵە لەگەڵ تەنگژەکان دەکات.

ئەوەی دەمێنێتەوە گوتاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەوەی ئایا گوتارەکەی لە ئایندەدا چۆن دەبێت؟ بێگومان ئەزموونی ٢٧ ساڵی رابردووی حوکمڕانی قۆناخی جیاجیای بۆ ئێمە ئاشکراکردووە، بەڵام ئەم قۆناخەی کابینەی نۆیەم دەتوانین بڵێین ئارامییەکی سایکۆلۆژی دروست کردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سایکۆلۆژیەتی هاووڵاتی ئێمە لە ژێر ئەو گوشارە دەروونی و سیاسی و ئابوورییانەدا پارچە پارچە بووە، بەڵام بەرنامەی ئەم کابینەیە وا دەکات ئارامییەکی سایکۆلۆژی لای هاووڵاتیان دروست بکات، دەتوانێت وا بکات دامەزراوەکان کاری خۆیان بکەن، بەڵام گرنگە لە سەرەتاوە روانگەیەك بۆ چاودێری هەبێت.

ئەوجا وەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد، ئەوانەی دەبنە داینەمۆ بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە بە تەنیا وەزیرەکان نین، بەڵکو ئەو بازنانەن کە دوای وەزیرەکان دێن، بۆیە گرنگە بزانرێت ئەو بازنانە چۆن لەگەڵ ئەم بارودۆخە تازەیە خۆ دەگونجێنن، چۆن کاروبارەکان بەڕێوەدەبەن، بۆ ئەمەیان من پێموایە لەوانەی پێداچوونەوەیەك بە کارکردنیان و دووبارە هەڵسەنگاندنەوەیان لەسەر بنەمای متمانە و لێهاتوویی کارێکی زۆر پێویست بێت.

لە ئێستادا لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە، ئێمە بەرەو حوکمڕانییەکی باش لە هەرێمدا هەنگاو هەڵدەگرین، ئەم هەنگاوانە و لەگەڵ کاتەکە و ئەو کەسانەی کاروبارەکان هەڵدەسووڕێنن و رێوشوێنەکانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەموویان پێوەرن بۆ ئەوەی بڵێین حکومەتی داهاتوو دەبێتە حوکمڕانییەکی باش.



# ڕێبازی بارزانیی نەمر نهێنیی سەرکەوتنی کابینەی نۆیەمە



د.بێوار خنسی

راوێژکاری ئاسایشی ئابووری پاراستنی هەرێمی کوردستان

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە



**گەشبینی و دانایی لە هەڵوێستەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمدا لەوەدایە کە لە بەرنامەی حکومەتەکەیدا ئاماژەی بە (کرداری زۆر و قسەی کەم) کرد، ئەمەش چالاکییەکانی مەلا مستەفا بارزانی-مان دێنێتەوە یاد کە لێدوانەکانی کەم بوون، بەڵام ئەو کردارە مەیدانییانەی کە مێژوو تۆماری کردن، بوونەتە شانازی بۆ خۆی و نەوەکانی**

**بەرنامەی حکومەتی هەرێم بۆ چوار ساڵی داهاتوو بریتییە لە (سەروەریی یاسا، شەفافییەت لە کاردا، رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بە هەموو شێوەکانیەوە، رێکخستنی بەڕێوەبردنی دامەزراوە یاساییەکان، دامەزراندنی دەستەی راوێژکاران، گرنگیدان بە خزمەتگوزاریی هاووڵاتیان، رێکخستنی بەرگری بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات**

بە سەرنجێکی خێراو راگوزەری بۆ ئەو هەولانەی خراونەتەگەڕ لەپێناو لەدایکبوونی کابینەی نۆیەم کە بەرنامەکەی بۆ چوار ساڵی داهاتوو راگەیاند، دەکرێت بڵێین: ئەم کابینەیە لە هەناوی ئەزموونەکانی هەر هەشت کابینەی رابردووەوە سەریهەڵداوە، بەتایبەتیش ئەو دەستکەوتانەی کە پێشتر وەدیهاتوون، سەرجەمیان پێگەو رۆڵی هەرێمیان لەسەر ئاستی ناوخۆو ئیقلیمی و نێودەوڵەتی گۆڕیوە، هاوکات بنەماو فاکتەرو سیماکانی بنیاتنانی دەوڵەتێکی سەردەمییانە هەڵدەگرێت، لەبەرامبەر تەحەددیگەلێك کە دەبنە ئاستەنگ و هەڕەشە بۆ ئایندەیەگی گەشاوە، بەڵام کابینەی نۆیەم گەشبینە بەوەی دەتوانێت چارەسەری کێشەکان بکات و هەموو ئەو تەحەددییانە وەلاوە بنێت کە دێنە بەردەم جێبەجێکردنی بەرنامە چوار ساڵییەکەی.

ئیرادەو گەشبینیی کابینەی تازە پێش هەموو شتێك لە بەرنامەکەیدایە کە لەلایەن زۆرینەی خەڵکی هەرێمەوە پشتگیریی لە سەرۆکی کابینەکە دەکرێت، هەروەها پاڵپشتی و پشتیوانیی بەڕێز مسعود بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەندێ لایەنی سیاسیی کارا، بەو ئاراستەیەی کە پێویستە ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بپارێزرێت بۆ پێشخستن و گەشەسەندن پشتیوانی لێبکرێت. تاکو ببێتە زامنی بەهێزکردنی پێگەی هەرێم لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی.

بەرنامەی حکومەتی هەرێم بۆ چوار ساڵی داهاتوو بریتییە لە (سەروەریی یاسا، شەفافییەت لە کاردا، رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بە هەموو شێوەکانیەوە، رێکخستنی بەڕێوەبردنی دامەزراوە یاساییەکان، دامەزراندنی دەستەی راوێژکاران، گرنگیدان بە خزمەتگوزاریی هاووڵاتیان، رێکخستنی بەرگری بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات، رێکخستنی کەرتی نەوت و غاز، گرنگیدان بە سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی، بەرەنگاربوونەوەی قۆرخکاری، پشتگیریی کەرتی تایبەت، پاراستنی ژینگە، گرنگیدان بە مێژوو و کەلەپوورو شوێنەوار، پشتگیریکردنی پەروەردەو لاوان و خێزان و کەسوکاری شەهیدان)، ئەمانە هەموویان گەشبینی لای هاووڵاتیان بە ئایندەی هەرێم زیاتر دەکەن.

بەرنامەی حکومەتی تازەی هەرێم رەنگدانەوەی واقیعی وڵاتەکەیە، ئەمەش مانای وا نییە کە رێگای بەردەم جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە ئاسانە و بە گوڵ چنراوە، بە حوکمی واقیعی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی.

رێگای بەردەم حکومەتی کابینەی نۆیەم لە جێبەجێکردنی بەرنامەکەی، زۆر پرسیار دەخاتە بەردەم شەقامی کوردستانی، کە رەنگە ژمارەو تەوەرەکەیان لە ژمارەو تەوەری بەرنامەی کابینەکە زیاتر بێت، وێڕای ئەمەش، هاووڵاتیان بە گشتی و پسپۆران لە بوارەکانی پەیوەست بە لایەنی زانستی و پراکتیکی گەشبینن بە سەرخستنی بەرنامەکە، لەمیانی هەڵێنانی هەنگاوی واقیعی و بەرنامەداڕێژراوی دیراسەکراو کە پاڵپشتی سەرخستنیەتی، بە ئومێدی هێنانەکایەی سیستەمێکی دادپەروەری حوکمڕانی کە کلیلی ئەم سەرکەوتنەیە و پێگەی لەنێوان هاووڵاتیان و لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بەرزدەکاتەوە.

بۆیە لەسەر حکومەتی هەرێم پێویستە ئەو چەند رێکارانە بە کردەوە پیادەبکات:

**● أ- پاراستنی هەرێم لە قەیرانە دروستکراوەکان کە ئاستەنگ بوون لەبەردەم هەر هەشت کابینەی حکومەت لەمیانی ئەم رێکارانە:**

١. رێگەگرتن لە چالاکییە نەرێنییە ئابوورییەکان، قۆرخکاری و کۆنتڕۆڵکردن کە کاریگەرییان هەبوو بۆ سەر ئابووریی هەرێم و دەرگاکانیشیان داخست لەبەردەم کەرتی تایبەت کە بەشداری بکات لەگەڵ کەرتی گشتیی حکوومی لە پەرەپێدان و پەرەسەندنی بنەماکانی بنیاتنانی دەوڵەتی دامەزراوەیی لە هەرێمدا.

٢. دابەشکردنی بوودجەی هەرێم بە شێوەی دادپەروەرانە بەسەر وەزارەت و دامەزراوەکان کە هاوسەنگ بێت لەگەڵ قەبارەو ئەرك و رۆڵی هەر یەکەیان و کردنەوەی سەرچاوەی دیکەی داهات، قەدەغەکردنی بەهەدەردانی سامانی گشتی لە رێی کاراکردنەوەی دەستەکانی چاودێری و دەستپاکی و جێبەجێکردنی پرەنسیپی (ئابووری نیوەی ژیانە)، ئەمەش بە

کەمکردنەوەی خەرجیی گشتی و زیادکردنی قەبارەی وەبەرهێنانی پرۆژە بەهەمهێنەرەکان کە خزمەتی هاووڵاتیان بکەن، وا باشترە ئەو پرۆژانە لە گوندەکان دابمەزرێن تاکو ناوچەکە ببووژێننەوە، هاوکات گوندنشینان هانبدرێن بگەڕێنەوە زێدی باب و باپیرانیان، دیارە ئەمەش دەبێتە هۆی بووژاندنەوەی ئابووری و ژیانی گوندنشینان.

٣. کارکردن لەسەر پێویستبوونی فەراهەمکردنی ئاسایشی ئاو بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراك، هەروەها دابینکردنی هەلی کار لە ڕێی گرتنەبەری پرۆژەکانی ئاودێری کە لە ڕێی گلدانەوەی ئاو دەست پێ دەکات بە ڕێی بەنداوەکانەوە، دواتر بۆ ئاودانی کشتوکاڵی و گۆڕینی ڕێڕەوی ئاو و سوودوەرگرتن لێی وەك داهاتێك بۆ هەرێم، چونکە ئاو بنەمایەکی گرنگی بنیاتنانی دامەزراوەکان و ژیانە، بۆیە پێویستە پەلەبکرێت لە دەرکردنی یاسای ئاو لە پەرلەمانی کوردستانەوە، کە ببێتە بنەمایەك لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ئاو و دابەشکردن و پاراستنی لە پیسبوون و بەفیڕۆدان، لێرەدا پێویستە (بۆرد-دەستەیەکی سەربەخۆ و پسپۆڕ) بۆ ئاو دابمەزرێت کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت، چی دیکە دامەزراوەکان و بابەتی ئاو نەخرێتە سەر ئەم وەزارەتە، یان ئەویان، دواتر دەبێتە هۆی پەراوێزخستنی ڕۆڵی دامەزراوەکانی ئاو لە هەرێم و لێکەوتەو کاریگەرییەکانیش لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەتی هەرێم بە نەرێنی ڕەنگدەداتەوە.

شارەزایی جیهانی لە بەڕێوەبردنی ئاودا ئاماژە بۆ گرنگیی ڕۆڵی کادیری ئافرەت دەکات لە سەرکردایەتیکردنی کەرتی ئاو بە حوکمی مامەڵەکردنی ئافرەت لەگەڵ ئاودا و زانینی گرنگییەکەی بە بەراورد بە پیاوان، بۆیە پێویستە بەڕێوەبردنی ئاو بە پلەی یەکەم بخرێتە ئەستۆی ئەو ئافرەتانەی کە شارەزایی زانستییان هەیە لە بواری بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاودا، ئەمەش بەو مانایە نییە کە ڕۆڵی ئافرەت لە بوارەکانی دیکەی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی حکومەت و کەرتی تایبەت فەرامۆش بکرێت.

٤. گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و چالاکیی مرۆیی و پشتگیریی داهێنان، هاوکات کاراکردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت لەو بوارانەدا، ئەمەش دەبێتە هۆی دابینکردنی هەلی گونجاو بۆ پەرەپێدانی بەرهەمهێنان و گۆڕینی ئەو کەرتانە بە سەرچاوەگەلێکی گرنگی داهاتی هەرێم.

٥. پشتگیریکردنی بەرهەمهێن و بەرهەمی خۆماڵی –کوردستانی و گەڕان بەدوای بازاڕ بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆو پاراستنی بە یاسا لەجیاتی ئەوەی بازاڕەکان پڕبکرێن لە بەرهەمی وڵاتانی دیکە.

٦. ڕێکخستن و ئازادکردنی سیاسەتی بازرگانی بە یاسا لە هەرێمدا، لەگەڵ یەکخستنی جێبەجێکردنی سیستەمی گومرگ و باج لەسەر بەرهەمی هاوردە.

٧. پشتگیریکردن و پەسندکردنی وەبەرهێنانی کوردستانی لەجیاتی وەبەرهێنانی دیکە، کە دەبێتە هۆی زیادکردن و بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی و تەرخانکردنی داهاتەکانیان بۆ بنیاتنان و پەرەپێدانی هەرێم، بۆیە پێویستە بەپێی بەرنامەو پرۆژەکانی پلاندانان جێبەجێ بکرێن کە وەزارەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان لەم بوارەدا پێشکەشی دەکەن.

٨. تازەکردنەوەی سەرکردایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە وەزیرو بەڕێوەبەرو ڕاوێژکاران لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی شوێنی ئەو بەرپرسانە (لەبەر هەر هۆیەك بێت) لە وەزارەتەکان و دامەزراوەکان لە ڕێی بریکارەکانەوە پڕنەکرێتەوە وەك چۆن لە کابینەکانی پێشوودا هەبوو، بەڵکو وا چاکە لە ڕێی دەستەی ڕاوێژکارانەوە چارەسەربکرێت، بەمەبەستی هەڵبژاردنی شیاوترین کەس لە ڕووی پسپۆڕی و شارەزایی و پیشەییەوە بۆ ئەو ئەرکە.

٩. دانانی پلانێکی گشتی و سەرتاسەری و داپەروەرانەو یاساییانە لە پرۆسەکانی چاکسازی و چارەسەرکردنی کێشەکانی گەندەڵی بە هەموو شێوەکانیەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی سەقامگیریی زیاتر لە هەرێمی کوردستان.

١٠. کارکردن بۆ هێنانەکایەی میدیایەکی پرۆفیشناڵ و نیشتمانی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی و لەسەروویانەوە سانسۆر لەنێوان

**ئاو بنەمایەکی گرنگی بنیاتنانی دامەزراوەکان و ژیانە، بۆیە پێویستە پەلەبکرێت لە دەرکردنی یاسای ئاو لە پەرلەمانی کوردستانەوە، کە ببێتە بنەمایەک لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ئاو و دابەشکردن و پاراستنی لە پیسبوون و بەفیڕۆدان**

**گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و چالاکیی مرۆیی و پشتگیریی داهێنان، هاوکات کاراکردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت لەو بوارانەدا، ئەمەش دەبێتە هۆی دابینکردنی هەلی گونجاو بۆ پەرەپێدانی بەرهەمهێنان و گۆڕینی ئەو کەرتانە بە سەرچاوەگەلێکی گرنگی داهاتی هەرێم**

**پشتگیریکردن و پەسندکردنی وەبەرهێنانی کوردستانی لەجیاتی وەبەرهێنانی دیکە، کە دەبێتە هۆی زیادکردن و بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی و تەرخانکردنی داهاتەکانیان بۆ بنیاتنان و پەرەپێدانی هەرێم**

**دانانی پلانێکی گشتی و سەرتاسەری و داپەروەرانەو یاساییانە لە پرۆسەکانی چاکسازی و چارەسەرکردنی کێشەکانی گەندەڵی بە هەموو شێوەکانیەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی سەقامگیری زیاتر لە هەرێمی کوردستان**

**پێویستە (دەستەی راوێژکاران) پێکبهێنرێت و راستەوخۆ سەربە ئەنجومەنی وەزیران بێت، لە پسپۆڕییەکان پێکبێت و لە ژێر یەک خێوەتدا کاربکات، ببێتە بناغەو بنەمایەکی زانستی و پراکتیکی لە هەڵسەنگاندن و دیراسەکردن و لە پلانڕێژی و دیاریکردنی ڕێگەچارەکانی سەرجەم کێشە ناوخۆیی و ئیقلیمییەکان**

**بەرەنگاربوونەوەی دەست بەسەرداگرتن و زێدەڕۆییەکانی سەر موڵکی گشتی و تایبەت و پاراستنی مافی هاووڵاتیان و هەڵوەشاندنەوەی زێدەڕۆییەکان لە ڕێی کاراکردنەوەی ڕۆڵی یاسا و دادگاکاندا**

هاووڵاتیان و حکومەتدا، هاوکات لەپێناو بەهێزکردن و پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی لە ریز دانیشتووانی هەرێم، ئەمەش هۆکارە بۆ بەرتەسککردنەوەی رووبەری بێسەروبەری و پاشاگەردانی، نەخاسمە لە حاڵەتی سەرهەڵدانی قەیرانەکان کە ناوبەناو دێنەپێشەوە بە هۆکاری مرۆیی و سروشتی.

١١. یەکخستنی گوتار و هەڵوێستەکان لەهەمبەر رووداوەکاندا لای سەرکردایەتی و حکومەتی هەرێمدا لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا.

١٢. پێویستە (دەستەی راوێژکاران) پێکبهێنرێت و راستەوخۆ سەربە ئەنجومەنی وەزیران بێت، لە پسپۆڕییەکان پێکبێت و لەژێر یەك خێوەتدا کاربکات، ببێتە بناغەو بنەمایەکی زانستی و پراکتیکی لە هەڵسەنگاندن و دیراسەکردن و لە پلانڕێژی و دیاریکردنی ڕێگەچارەکانی سەرجەم کێشە ناوخۆیی و ئیقلیمییەکان، دیارە ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر بەهێزکردنی حکومەتی هەرێم، وەك هاندەرێکیشە بۆ راپەڕاندنی بەرنامەکەی کە بۆ چوار ساڵی داهاتوو داڕێژراوە، لەمیانی بەدواداچوونی جیددی ئەرکی وەزارەتەکان و ڕۆڵیان لە جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت و کارکردن بەپێی یاسای وەزارەتەکان، لەگەڵ پێویستبوون بە جەختکردنەوە لەسەر دروستکردنی دامەزراوەکانی سەر بە هەر وەزارەتێك، ئەمەش بە وەك ئەوەی لە یاسای وەزارەتدا هاتووە، مەبەستیش دابەشکردن و ڕێکخستنی دەسەڵات و مافەکانی ئەو دامەزراوانەیە.

١٣. گرنگیدان و نزیکبوونەوە لە لاوان بە مەبەستی دابینکردنی هەلی کاری گونجاو و پاڵپشتیکردنیان لە هاوسەرگیری و نیشتەجێکردندا، لەگەڵ گرنگیدان بە خێزان، بەو پێیەی خانەی بنەڕەتیی بنیاتنانی کۆمەڵگەن، هاوکات پاراستنی خێزان لە شۆڕشی خێرای تەکنەلۆجیا و کاریگەریی بۆ سەر رەسەنایەتی و مێژوو و کەلەپووری خێزان، کە لەم ماوەیەدا کاریگەریی زۆری کردۆتە سەری لە کوردستاندا.

١٤. گرنگیدان بە پەککەوتەو کەمئەندامان و کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراو و ئاواران.

١٥. بەرەنگاربوونەوەی بێکاری و تەمبەڵی بە هەموو شێوەکانیەوە کە کاریگەریی نەرێنی کردۆتە سەر خێزان و کۆمەڵگە و فەرمانبەران، ئەمەش بە جیاکردنەوە ئەنجام دەدرێت لە (ماف و ئەرك و پاداشتدا) لەنێوان کەسی بەرهەمهێن و نابەرهەمهێندا.

١٦. بەرەنگاربوونەوەی دەست بەسەرداگرتن و زێدەڕۆییەکانی سەر موڵکی گشتی و تایبەت و پاراستنی مافی هاووڵاتیان و هەڵوەشاندنەوەی زێدەڕۆییەکان لە ڕێی کاراکردنەوەی ڕۆڵی یاسا و دادگاکاندا.

١٧. پاراستنی ژینگەو سروشت و دارستانەکان و هەمەجۆریی بایۆلۆجی و ئاژەڵی و رووەکی و ڕێگەگرتن لە بەهەدەردان و چالاکیی زیاد لە پێویست، هەروەها دامەزراندنی پاراستنگەی سروشتی کە جوانیی بە جووڵە و چالاکیی گەشتیاریی دەبەخشێت لە هەرێمی کوردستاندا.

١٨. گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ پاراستنی هەرێم و هاووڵاتیان لە کارەساتە سروشتییەکان (زەمینلەرزە، لافاو هەرەسهێنان و رووچوونی زەوی و گەردەلوولی لماوی) هاوکات لە کارەساتی مرۆیی (ئاگرکەوتنەوە، خنکان، هاتوچۆ، دەردو نەخۆشی) کە بە هۆی چالاکیی مرۆڤ روودەدەن.

جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت بەپێی ناوەڕۆکی ئەو بڕگانەی باسمان کردن، هۆکارە بۆ چاکسازی و قووڵکردنەوەی متمانەی هاووڵاتیان بە حکومەت و دەسەڵات، ئەویش بە گێڕانەوەی هەیبەتی هەرێم و پاراستنی لەبەرامبەر هەر هۆکارێك کە ئەم هەیبەتە لەکەدار دەکات.

**● ب: پەیوەندیی نێوان بەغداو هەولێر:**

پێویستە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێرو بەغدا بەهێز بکرێن لەپێناو وەدیهێنانی مافی هاووڵاتیان و زامنکردنی مافەکانی سەروەریی حکومەتی هەرێم وەك ئەوەی لە دەستووردا هاتووە، دیارترین ئەو خالانەش ئەمانەن:

١. کارکردن بۆ پێکهێنانی دەستە تایبەتییەکانی نێوان هەولێرو بەغدا بۆ دیراسەکردنی سەرجەم کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری پراکتیکی کە مافەکانی هەرێم بەپێی دەستوور زامن بکرێن لە دۆسییەکانی (نەوت و غاز،

داهاتی گومرگەکان، بوودجە، جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، مافەکانی هێزی پێشمەرگە، بەشداریکردنی هەرێم لە دەسەڵاتی فیدراڵ و گشت دامەزراوەکانی ئەم دەسەڵاتە).

٢. پێویستە کاربکرێت بۆ زامنکردنی (پشکی هەرێم لە بوودجەی گشتی لە چوار ساڵی داهاتوودا) تاکو کابینەی نۆیەم بتوانێت بکەوێتە سەر پێ و بەرنامەکەی جێبەجێ بکات کە خزمەت بە هاووڵاتیان بکات و ئاسایش و سەقامگیری و پەرەپێدان لە هەرێمی کوردستان بەهێز بکات.

٣. ڕازیکردنی کوتلە سیاسییەکانی لایەنگیر و ئۆپۆزسیۆن لە هەرێم کە پشکداربن لە پشتگیریکردنی کابینەی نۆیەم و هەڵوێستەکانی بەرامبەر خکومەتی فیدراڵ، بۆ ئەمەش پێویستە (نووسینگەیەکی حکومەتی هەرێم لەسەر ئاستی وەزارەت لە بەغدا) دابمەزرێت بە هاوکاریی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دەستووری و حکوومی و دادوەریدا لە هەولێر و بەغدا، ئەمەش دەبێتە پاڵپشتی پراکتیکی و یاسایی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، هاوکات ڕێگە لە هەندێ لایەن دەگرێت کە ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا قووڵتر بکەنەوە، کە دواجار کاریگەریی نەرێنی دەبێت لەسەر هاووڵاتیانی هەرێم و حکومەتە سەرکەوتووەکەی.

٤. بەردەوامبوون و بەدواداچوونی پەرلەمانی کوردستان بە بەرنامەی حکومەتی هەرێم و کارکردنی جیددی لە تەواوکردنی ئەو یاسایانەی ماونەتەوە کە بێ ئەو یاسایانە ئەرك و کارەکانی وەزارەت و دامەزراوەکانی هەرێم پەکدەخرێن، هاوکات چالاکییەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ وەزارەتەکان و حکومەتی فیدراڵدا ئاسانتر دەکات.

### ● ج: لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی:

١. بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە عێراق و تەرخانکردنی تواناکان بە یەکەوە بۆ زامنکردنی ئاسایشی هەرێم، کە بەمەش ئایندەی هەرێم لە بنیاتنان و پەرەپێدان و پێشکەوتن بەهێزتر دەبێت.

٢. کاری جیددی بۆ بەتینکردنی هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتانی ئیقلیمی بە شێوەیەك سەلامەتی و سەروەریی هەرێم زامن بکات لە ڕێی بەهێزکردنی پەیوەندیی بازرگانی و ئابووری، هەروەها پێگەو توانا ئابوورییەکانی هەرێم لە(نەوت و غازو سامانەکانی دیکە) بۆ ئەو وڵاتانە دەربخات، کە دەکرێ بەم سامانە زۆر کێشەی نێودەوڵەتیی دەوروبەری هەرێم چارەسەربکرێن، هاوکات ببێتە فاکتەری سەقامگیریی ناوچەکە بەگشتی، هەر کاتێکیش ئەو دەرفەتە گونجاوە هاتەپێش لە دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستاندا.

٣. دووورکەوتنەوە لە جموجوڵ و ململانێی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی کە ناوچەکە بۆ شەڕ پەلکێش دەکەن، لە بەرامبەر هەوڵدان بۆ بەتینکردنی سەقامگیری و سەلامەتیی ناوچەکە کە دەرفەتی گونجاو بەدەست دێنێت و لە وەدیهێنانی خواست و ئامانجەکانی گەلەکەمان بەکاری دەهێنێت.

### ● کۆتایی و سەرئەنجام:

گەشبینی و دانایی لە هەڵوێستەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمدا لەوەدایە کاتێ لە بەرنامەی حکومەتەکەیدا ئاماژەی بەوە قسەیە کرد (کرداری زۆر و قسەی کەم)، ئەمەش لەو پەندە کوردییەدا خۆی دەنوێنێت (سەد قسە بە قوربانی یەك کردار بێت)، هەروەها چالاکییەکانی مەلا مستەفا بارزانی-مان دێنێتەوە یاد کە لێدوانەکانی کەم بوون، بەڵام ئەو کردارە مەیدانییانەی کە مێژوو تۆماری کردن، بوونەتە شانازی بۆ خۆی و بۆ نەوەکانی، هیواداریـن ئەوە دڵسۆزەکەی بارزانی (سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەت) و ئێمەش هەموومان سوود لە ئەزموونی بارزانیی نەمر وەربگرین هەم لە قسەو هەمیش لە کردەوەکانی، تاکو ببنە پاڵپشت بۆ زامنکردنی پێکەوەژیان و خۆشگوزەرانی و حوکمڕانیی دادپەروەرانەو بەهێزکردنی تەبایی و پشتیوانیی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی تازە لە کاتی ئاشتی و قەیرانەکاندا، ئەمەش نهێنیی سەرکەوتنەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتە، هاوکات زاڵبوون بەسەر هەموو ئاستەنگ و ئاریشە پێشبینیکراو و پێشبینی نەکراوەکان کە ڕەنگە بێنە ڕێی کاروانی چوار ساڵەی حوکمڕانی و مێژووش گەواهیدەری ئەمەیە.

**پاراستنی ژینگەو سروشت و دارستانەکان و هەمەجۆریی بایۆلۆجی و ئاژەڵی و ڕووەکی و ڕێگەگرتن لە بەهەدەردان و چالاکیی زیاد لە پێویست، هەروەها دامەزراندنی پاراستنگەی سروشتی کە جوانیی بە جووڵە و چالاکیی گەشتیاریی دەبەخشێت لە هەرێمی کوردستاندا**

**پێویستە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێرو بەغدا بەهێز بکرێن لە پێناو وەدیهێنانی مافی هاووڵاتیان و زامنکردنی مافەکانی سەروەریی حکومەتی هەرێم وەک ئەوەی لە دەستووردا هاتووە**

**پێویستە (نووسینگەیەکی حکومەتی هەرێم لەسەر ئاستی وەزارەت لە بەغدا) دابمەزرێت بە هاوکاریی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دەستووری و حکوومی و دادوەریدا لە هەولێر و بەغدا، ئەمەش دەبێتە پاڵپشتی پراکتیکی و یاسایی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، هاوکات ڕێگە لە هەندێ لایەن دەگرێت کە ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا قووڵتر بکەنەوە**




نکۆڵی لەوە ناکرێت کە تورکیا وڵاتێکی گەورە و خاوەن کاریگەریی گەورەیە لە ناوچەکەدا، کە هەوڵیداوە نەك کاروبارەکانی لە ناوخۆدا رێکبخاتەوە، بەڵکو ویستوویەتی رۆڵێکی گەورە و کاراتر ببینێت لە رووداو و پێشهات و پەرەسەندنەکانی وڵاتانی ناوچەکەدا، هەروەها لە ماوەی رابردوودا کاری کرد لەسەر گرتنەبەری پرەنسیپ و سیاسەتێکی دیاریکراو لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا کە ناوزەدی کردبوو بە سیاسەتی سفر کێشە لەگەڵ دراوسێکاندا، ئەم پرسانە و بابەتی پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا و بەتایبەتی ئەگەری بە ئەندامبوونی تورکیا لە نێو ئەم یەکێتییە، هەروەها ئەو تەنگژەو قەیرانەی لە پەیوەندییەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دروست بووە، بەتایبەتی لە دوای بڕیاری تورکیا بۆ کڕینی سیستمی مووشەکی بەرگری لە رووسیا و کاردانەوە و رێکارە تۆڵەکارییەکانی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە بەرامبەر ئەم بڕیارەی تورکیادا، هەموو ئەمانە بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ تۆزۆن باهچەلی کە خاوەن بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە لە سکووڵی لەندەن بۆ ئابووری بەدەستی هێناوە. تۆزۆن باهچەلی لە ئێستادا پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە کۆلێژی شاهانە لە شاری لەندەن کە دەکەوێتە هەرێمی ئۆنتاریۆ لە کەنەدا و وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی نێودەوڵەتی و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ناوچەی بەلقان. لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا چەندین توێژینەوەی لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و ناکۆکیی پەیوەندیدار بە قوبرسەوە ئەنجام داوە.

## تۆزۆن باهچەلی

تایبەتمەندی کاروباری تورکیا بۆ گوڵان:

# پەیوەندییەکان تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرەوپێشتر دەچێت ئەگەر لە ناوخۆی تورکیا کار لەسەر چارەسەرکردنی پرسی کورد بکرێت

*** ئاشکرایە کە تورکیا دەوڵەتێکی گەورە و خاوەن سەنگ و قورساییە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێوە وەك کەسێکی شارەزا و تایبەتمەندی کاروباری تورکیا چۆن لە سەرکەوتن و شکستەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە دەڕوانن؟ ئایا پێت وایە چارەنووسی پرەنسیپ و سیاسەتی سفر کێشە لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا چی بەسەر هاتووە؟**

- لە ساڵانی سەرەتای گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵاتی حکومەتەوە لەلایەن پارتی داد و گەشەپێدانەوە، تورکیا چەندین سەرکەوتنی دیاری و بەرچاوی تۆمار کرد لە بواری پەیوەندییە دەرەکییەکاندا، هەم لە ناوچەکە و هەروەها لە ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش. لە دەرئەنجامدا و لە رووی واقیعییەوە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ سەرجەم دەوڵەتە دراوسێکاندا بەرەوپێشچوونیان بەخۆوە بینی، تەنیا چەند حاڵەتێکی کەم نەبێت، وەك پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەرمینیا و کۆماری قوبرسی یۆنانی. خۆ ئەگەر ئەم پرسە گرێ بدرێتەوە بە پرەنسیپی سفر کێشە لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا، ئەوا دەتوانین بڵێین هەندێ لە گەورەترین بەرەوپێشچوونەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەی تورکیاوە بریتی بوو لە باشتربوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی بەشار ئەل ئەسەد لە سووریا و لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا. بەرەوپێشچوونەکانی پەیوەندییەکانی تورکیاش لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هاوکات بوو لەگەڵ دووبارە هەوڵدان لە ناوخۆی تورکیادا لە پێناو گەیشتن بە رێگاچارە و چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کورد لەو وڵاتەدا. سەرۆك وەزیرانی تورکیاش (کە دواتر بووە سەرۆك کۆمار)

**هەندێ لە گەورەترین بەرەوپێشچوونەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەی تورکیاوە بریتی بوو لە باشتربوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی بەشار ئەسەد لە سووریا و لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا**

**بەرەوپێشچوونەکانی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هاوکات بوو لەگەڵ دووبارە هەوڵدان لە ناوخۆی تورکیادا لە پێناو گەیشتن بە ڕێگاچارە و چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کورد لەو وڵاتەدا**


**ئەردۆغان دەستی لە ئامانجی بوون بە ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا هەڵگرتووە. هەروەها هیچ ئەگەرێک نییە کە تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا لە ئایندەیەکی نزیکدا. زۆرێک لە چاودێرە شارەزاکانیش پێیان وایە تورکیا هەرگیز نابێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا**

**ئەگەر ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ هەنگاوی گەورەتری تۆڵەکردنەوە لە دژی تورکیا بگرێتەبەر، هەروەک ئەوەی لە یاسای کۆنگرێسدا هاتووە، ئەوا پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا بە چەشنێک زیانی پێ دەگات کە قابیلی چارەسەرکردن نەبێت**

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ڕەوتی پەیوەندییەکانی تورکیای لەگەڵ وڵاتی سووریادا گۆڕی لە پەیوەندی دۆستانەوە بۆ پشتیوانیکردن لە ڕووخاندنی دەسەڵاتەکەی لە دوای ئەوەی لە چوارچێوەی بەهاری عەرەبیدا تەحەددی بۆ دەسەڵاتەکەی بەشار ئەل ئەسەد دروست بوو. کە دواتر دەرکەوت ئەمەش هەڵەیەك بوو کە بە گرانی لەسەر تورکیا راوەستا، لەبەر ئەوەی تورکیا ناچار بوو سەرچاوەیەکی زۆر و بەرچاو تەرخان بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەرئەنجام و ئاکامەکانی دۆخی سووریا، بەتایبەتی کە گرووپە بەرهەڵستکارەکانی سووریا نەیانتوانی دەسەڵاتی ئەسەد بڕووخێنن. هەروەها حکومەتەکەی ئەردۆغان هەستی کرد ڕووبەڕووی مەترسییەکی تایبەت بۆتەوە بەهۆی سەرهەڵدان و دروستبوونی قەوارەیەکی کوردی سەربەخۆ لە وڵاتی سووریادا و لەسەر سنوورەکانی تورکیا، لەم ڕووەوە هەوڵیدا سەرکەوتنەکانی کورد لەو وڵاتەدا لەبار بەرێت. ئەم سیاسەتە بەدبەختانەی تورکیا لە ئاست سووریادا دەرهاویشتە و دەرئەنجامی سلبی و خراپی لێکەوتەوە لەسەر پەیوەندییە دەرەکییەکانی تورکیا. ئەوە بوو هەردوو وڵاتی ڕووسیا و ئێران- وەك دراوسێیەکی تورکیا- سەرچاوەیەکی زۆریان تەرخان کرد بۆ پشتیوانیکردن و پاراستنی دەسەڵاتەکەی بەشار ئەل ئەسەد. ئەمەش پەرەسەندنێکی پێشوازی لێ نەکراو بوو بۆ تورکیا و لە دەرئەنجامدا بووە هۆی بارگرژکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاران و مۆسکۆدا. هەروەها تورکیا ناچار بوو کە مامەڵە لەگەڵ قەیران و تەنگژەیەکی گەورە- ئەگەرچی کورتخایەنیش بوو- بکات لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیادا، ئەویش کاتێك هێزی ئاسمانیی تورکیا فڕۆکەیەکی جەنگیی ڕووسیای خستەخوارەوە کە بۆ ماوەیەکی کورت چووبووە سنووری ئاسمانی تورکیاوە. تەنانەت پەیوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ واشنتۆن زیانی گەورەتری پێگەیشت، کاتێك ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی باراك ئۆباما بڕیاری دا کە کار لەگەڵ یەکینەکانی پاراستنی گەلدا بکات — کە گرووپێکی کوردییە-، ئەویش لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتی شەڕی دژ بە داعش کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرکردایەتی دەکرد. ئەوە بوو یەکینەکانی پاراستنی گەل لەلایەن تورکیا و لایەنەکانی دیکەوە بە لقێك لە پارتی کرێکارانی کوردستان —پەکەکە- هەژمار دەکران، ئەو گرووپە چەکدارەی کە بۆ چەندین ساڵە خەباتێکی توندوتیژی بەرپاکردووە دژ بە دەوڵەتی تورکیا. کەواتە دەتوانین بڵێین لە ئێستادا سیاسەتی «سفر کێشەی تورکیا لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا» کۆتایی هاتووە.

*** ئێوە ئاماژەتان بە پەرەسەندنەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا کرد، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە دەوڵەتە دراوسێکان و سیاسەتی سفر کێشەوە، ئەی هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەتان چییە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و یەکێتی ئەوروپا؟ ئایا ڕەوایە بڵێین: تورکیا بە یەکجارەکی دەستی هەڵگرتووە لە ئەگەری ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپادا، یان دەتوانین بڵێین ئەمە ئەگەرێکی دوورە بەلای کەمەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا؟**

- لە ساڵانی سەرەتای یەکەم ئیدارەی پارتی داد و گەشەپێداندا (٢٠٠٢-٢٠٠٧) پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و یەکێتی ئەوروپا پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆوە بینی، ئەویش کاتێك ئەنقەرە چەندین هەنگاوی دیموکراتییانەی هەڵگرت لە پێناو بەرەوپێشبردنی هەوڵەکان بە ئاراستە و ئاقاری ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپادا. لەگەڵ ئەوەشدا، پەیوەندییەکان ئاڵۆزی و بارگرژییان تێکەوت، کاتێك تورکیا دەستی لە چاکسازییە سیاسییەکان هەڵگرت و ئەوە بوو کە هەندێ لە سەرکردە سیاسییە سەرەکییەکانی یەکێتی ئەوروپا لە فەرەنسا و ئەڵمانیا ئاماژەیان بەوە کرد کە پاڵپشتی ئەندامبوونی تەواوی تورکیا ناکەن. کەواتە ئەگەر لەسەر بنەمای کردار و هەنگاوەکانی سەرۆك ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و گوتارەکەی کە دژ بە یەکێتی ئەوروپایە، حوکم بدەین، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەردۆغان دەستی لە ئامانجی بوون بە ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا هەڵگرتووە. هەروەها هیچ ئەگەرێك نییە کە تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا لە ئایندەیەکی نزیکدا. لە ڕاستیدا زۆرێك لە چاودێرە شارەزاکان پێیان وایە تورکیا هەرگیز نابێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا.



*** ئەوەی پەیوەست بێت بە پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تورکیاوە، ئەوا دووبارە ئەم دوو دەوڵەتە دوچاری ناکۆکی و بارگرژی بوونەتەوە، دوای ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا بڕیارێکی بێ پێشینەی دەرکرد بۆ دوورخستنەوەی تورکیا لە پرۆگرامی دروستکردنی فڕۆکەی جەنگیی f35 وەك ڕێکارێکی تۆڵەسەندنەوە لەبەرامبەر بڕیاری تورکیا بۆ کڕینی سیتمی مووشەکی بەرگری رووسی s400 سەرەڕای بەرهەڵستییەکانی ئەمریکا لەو بارەیەوە راتان چییە؟**

- بۆ ماوەیەکی زۆرە پەیوەندییەکانی تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرەو داکشان چووە. بڕیاری ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ هەڵپەساردنی تورکیا لە پرۆگرامی دروستکردنی فڕۆکەی جەنگیی f35 وەك تۆڵەکردنەوەیەکە بۆ بڕیاری ئەنقەرە بە کڕینی سیستمی مووشەکی بەرگریی رووسی و بەرجەستەکاری پاشەکشەیەکی گەورەیە لە پەیوەندییەکانی تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. خۆ ئەگەر ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ هەنگاوی گەورەتری تۆڵەکردنەوە لە دژی تورکیا بگرێتەبەر، هەروەك ئەوەی لە یاسای کۆنگرێسدا هاتووە، ئەوا پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا بە چەشنێك زیانی پێ دەگات کە قابیلی چارەسەرکردن نەبێت.

*** ئەی چۆن لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەڕوانیت، کە ئاشکرایە ماوەیەکی زۆرە پەیوەندییەکی تایبەت و بەرەوپێشچوو هەیە لە نێوانیاندا؟ ئایا پێشبینی دەکەن ئەم پەیوەندییانە پتر بەرەوپێش بچن؟**

پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا بە رادەیەکی گەورە بەرەوپێش دەچێت، ئەگەر بێت و حکومەتی داهاتووی تورکیا هەنگاوی گەورە هەڵبگرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورد لە نێو خۆی وڵاتەکەیدا.

ڕەجەوی ئەسەد

پرۆفیسۆر و توێژەری بواری شرۆڤەکاریی سیاسەت و بازاڕی کار لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکان بۆ گوڵان:

# بوونی سەرچاوە سروشتییەکان لە سایەی حوکمڕانییەکی لاوازدا مایەی نەفرەت و نەهامەتی دەبێت

ڕەجەوی ئەسەد پرۆفیسۆر و توێژەرە لە زانکۆی مینێسۆتا لە بواری شرۆڤەکاریی سیاسەت و بازاڕی کار لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکان، کە زیاتر تەرکیز لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا دەکات، لە ئێستادا پتر بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك نایەکسانی لە بواری دەرفەتی پەروەردە و بازاڕەکانی کار و بێکاری و چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەی شۆکە ئابوورییەکان و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار. بە شێوەیەکی گشتی پرۆفیسۆر ڕەجەوی تایبەتمەندی چەند بوارێکی بنەڕەتییە، وەك: شرۆڤەکاری بازاڕی کار و سیاسەت و ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، هەژاری و کارکردنی ئافرەتان لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا، ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، یونیسێف و یونیسکۆ و دامەزراوەی فۆرد، پێشتریش وەك راوێژکار لە بانکی جیهانی کاری کردووە. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا بۆ شرۆڤەکردن و تاوتوێکردنی ڕەهەندەکانی پەیوەندی و کارلێکی نێوان نەبوونی گەشەگردنی ئابووری و بەربڵاویی توندوتیژیی سیاسی لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، بەتایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ تیشکخستنەسەر هۆکاری ریشەیی و دەرئەنجامەکانی نەبوونی حوکمڕانیی کارا و تێگەیشتن لەو دیاردەیەی پێی دەوترێت نەفرەتی سەرچاوەکان و پرسی ئەوەی ئایا ئەدای باشی ئابووریی پەیوەندیدار بە بوونی سەرچاوە سروشتییەکانەوە چۆنە و ڕێگاچارەکانی هێنانەئارا و دامەزراندنی حوکمڕانیی باش و کارا چییە؟ وەك گۆڤاری گوڵان بە پێویستمان زانی دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجام بدەین، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

## دیمانەی تایبەت



*** وەك كەسێكی شارەزای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەمانەوێت تێڕوانین و دیدگای ئێوە لەبارەی دۆخی ئێستای ئەم ناوچەیە لە ڕووی بەربڵاویی توندوتیژی سیاسی و نەبوونی گەشەكردنی ئابوورییەوە بزانین، ئێوە واقیعەكە چۆن هەڵدەسەنگێنن و چ خوێندنەوەیەكتان بۆی هەیە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی گومان هەڵناگرێت ئەوەیە، كە یەكێك لە خراپترین فاكتەرەكان كە كاریگەریی خراپی لەسەر گەشەكردن و بەرەوپێشچوونی بواری ئابووری هەیە، بریتییە لە نەبوونی ئارامی و ئاسایش و لەئارادابوونی شەڕ و ناكۆكی و توندوتیژی. من لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە بڵێم كە نەبوونی شەڕ و ناكۆكی خۆی لە خۆیدا دەبێتەهۆی دەستەبەركردنی گەشە و بەرەوپێشچوونی ئابووری.

*** یەكێك لەو حاڵەتانەی لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا بەدی دەكرێت، بریتییە لە نەبوونی حوكمڕانییەكی باش و كارا كە بتوانێت ئەركەكانی خۆی ئەدا بكات و لە ئاستی خواست و ویستی خەڵكدا بێت، تەنانەت بەهاری عەرەبییش نەیتوانی ئەم خەونە بێنێتەدی و بگرە دۆخەكە خراپتر بوو و نائومێدییەكی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، پرسیارەكە ئەوەیە هۆكارە بنەڕەتی و سەرەكییەكەی نەبوونی ئەم جۆرە حوكمڕانییە لەم ناوچەیەدا چییە؟**

- بە تێڕوانینی من ناكرێت هۆكارە سەرەكی و بنەڕەتییەكە بگەڕێنینەوە بۆ مەسەلەی

**هەندێ وڵات هەن كە دەوڵەمەندن بە سەرچاوەی سروشتی، بەڵام لە هەمان كاتدا توانیویانە زۆر بە باشی ئیدارەی ئەم سەرچاوە سروشتییانە بكەن**

**ئەگەر حوکمڕانییەکی خراپ هەبێت و وڵاتەکەش دەوڵەمەند بێت بە سەرچاوە سروشتییەکان، ئەوا ئەو حاڵەتە دروست دەبێت کە پێی دەوترێت نەفرەتی سەرچاوەکان، کەواتە ئەم دوو حاڵەتە یەکتر بەهێز دەکەن**

**هەر دۆخێک کە لە ژێر دەستی مرۆڤەکاندا بێت، قابیلی ئەوەیە چاکسازی تێدا بکرێت و باشتر بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەکە هۆکارێکی زۆری لەبەردەستدا نییە بۆ ئەوەی بتوانێت جڵەوی چارەنووسی خۆی بکات**

**هێشتا کاریگەری میراتی کۆلۆنیالی لەسەر ئەم ناوچەیە ماوە، کە ئێمەش دەزانین کۆلۆنیالیزم چەندین دابەشکاری لەم ناوچەیەدا دروست کرد**

کولتووری، یان پرسی ئایینی، یان بابەتی دیکەی هاوشێوە، بەڵکو من پێم وایە ریشەی مەسەلەکە، یان کێشەکە بریتییە لە نەبوونی ئەزموونی دیموکراسی، لەگەڵ بوونی رژێم و دەسەڵاتە سەربازییەکان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، کە بوونی ئەم چەشنە دەسەڵاتەش هەلومەرجێکی دروست کرد، کە مەحاڵ بێت خەڵکی بتوانن خۆیان لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا رێکبخەن و لەم روانگەیەوە نەیانتوانی بۆ هێنانەئارای حوکمڕانییەکی باش رێگاچارەیەك بدۆزنەوە. بەڵام ناکرێت بڵێین هیچ یەکێك لەم ئاستەنگانە ئەوەندە سەختن کە ناتوانین بەسەریاندا زاڵ بین.

*** هەر لە پەیوەندی بە پرسی حوکمڕانییەوە، ئایا را و بۆچونی ئێوە لەسەر ئەوەی پێی دەوترێت نەفرەتی سەرچاوەکان چییە؟ کە زۆرێك لە وڵاتانی دەوڵەمەند بە سەرچاوەکان، بە دەستییەوە دەناڵێنن، کە داهاتی ئەم سەرچاوانە نابنە هەوێنی گەشەکردنی ئابووری و هێنانەئارای سەقامگیری؟**


- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە. بە بۆچوونی من نەفرەتی سەرچاوەکان حاڵەتێکە و بوونی هەیە، ئەویش کاتێك وڵاتێك سەرچاوەی سروشتی لەبەردەستدا دەبێت، ئەوا گرووپەکان دەکەونە ناکۆکییەوە لە پێناو دەستبەسەرداگرتن و کۆنترۆڵکردنی ئەو سەرچاوانە، ئەمە لە بری ئەوەی بکەونە ململانێوە لە پێناو دروستکردن و خوڵقاندنی سامان و داهاتی نوێ. کەواتە ئەو دەرئەنجامەی دەتوانین بیخەنەڕوو لەم رووەوە ئەوەیە کە بوونی سەرچاوەکان لە سایەی حوکمڕانییەکی لاوازدا ئەو سەرچاوانە دەگۆڕێت بۆ نەفرەت و نەهامەتی.

*** کەواتە ئێوە پێتان وایە دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم سەرچاوانەدا بکرێن، یان با بڵێین دەکرێت ئەم سەرچاوانە چۆن بەکار بهێنرێن و بکرێنە ئامرازێك بۆ هێنانەئارای حوکمڕانییەکی سەرکەوتووی کارا؟**

- لە راستیدا ئەمە پێویستی بە بنیاتنانی دامەزراوەی بەهێز هەیە، بە چەشنێك ئەم دامەزراوانە بتوانن ئیدارەی ئەم سەرچاوانە بکەن، بە شێوەیەك کە دووربێت لە لەبەرچاوگرتنی ئیعتیباراتی سیاسی، بۆ نموونە: بوونی بانکی مەرکەزی کە سەربەخۆ بێت لە دەسەڵاتی سیاسی، بە هەمان شێوە پێویست بە بوونی کۆمیسیۆن، یان ئەنجومەنەکان کە سەربەخۆبن و بتوانن لەبارەی ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە سەرچاوەکاندا بە بێ ئەوەی دەستێوەردانی سیاسی لە کاروبارەکانیاندا بکرێت، بە شێوەیەکی سەربەخۆ بڕیار بدەن، ئەمەش کارێکی کردەنییە و دەکرێت ئاماژە بە هەندێ وڵات بکەین کە توانیویانە ئەم کارە ئەنجام بدەن، بۆ نموونە وڵاتی نەرویج، لە هەمان کاتدا ئەمە کارێکی قورسە، چونکە هەمیشە نوخبە سیاسییەکە و حوکمڕانەکان مەیلی ئەوەیان هەیە ئەم سەرچاوانە و چۆنیەتی بەکارهێنانیان کۆنترۆڵ بکەن.

*** لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئێمە لە جیهان بڕوانین ئەوا دەبینین زۆربەی ئەو وڵاتانەی ئەدایەکی باشی ئابوورییان هەیە، دەوڵەمەند نین بە سەرچاوەی سروشتی، لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئێوە بۆ ئەم حاڵەتە چییە؟**

- ئەمە راستە، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە هەندێ وڵات هەن کە دەوڵەمەندن بە سەرچاوەی سروشتی، بەڵام لە هەمان کاتدا توانیویانە زۆر بە باشی ئیدارەی ئەم سەرچاوە سروشتییانە بکەن، نموونەی سەرەکی لەم رووەوە وڵاتی نەرویجە کە ئاماژەی پێ دەکرێت. بەڵام لە هەمان کاتدا دەکرێت ئاماژە بە وڵاتی دیکەش بکرێت لەم رووەوە وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە ئێستا بۆتە یەکێك لە گەورەترین وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهاندا، هەرچۆنێك بێت ئەم وڵاتانە دامەزراوەکانیشیان بە چەشنێك رێکخستووە کە سەرکردە و نوخبە سیاسییەکە نەتوانن دەستیان بەو داهاتەڕابگات کە لەم سەرچاوە سروشتییانەوە دێنەئاراوە.



*** کەواتە لە روانگەی ئەوەی کە ئێوە ئاماژەتان پێکرد، ئایا دەکرێت بڵێین کێشەکە پەیوەست نییە بە نەفرەتی**

**سەرچاوەکانەوە هێندەی ئەوەی پەیوەستە بە نەفرەتی حوکمڕانییەوە، یان با بڵێین نەفرەتی حوکمڕانیی خراپەوە؟**

- بە تێگەیشتن و تێڕوانینی من مەسەلەکە کارلێکی و کاریگەریی دوولایەنەیە لە نێوان هەردوو ئەم پرسەدا، نەفرەتی سەرچاوەکان و نەفرەتی حوکمڕانیی خراپ، بۆ نموونە: ئەگەر تۆ حوکمڕانییەکی خراپت هەبێت و وڵاتەکەش دەوڵەمەند بێت بە سەرچاوە سروشتییەکان، ئەوا ئەو حاڵەتە دروست دەبێت کە پێی دەوترێت نەفرەتی سەرچاوەکان، کەواتە ئەم دوو حاڵەتە یەکتر بەهێز دەکەن.

*** بەڵام ئەوەی تا ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی دەکرێت، شکستی هەوڵەکانە بە ئاراستەی دروستکردنی حوکمڕانییەکی کارا و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکان و بەدیهێنانی گەشە و خۆشگوزەرانیی ئابووری، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە قەدەری ئەم ناوچەیە و چارەنووسێکی نەگۆڕە؟ یان هێشتا ئومێدی ئەوە ماوە دۆخەکە باشتر بکرێت؟**

- من بە سروشتی خۆم کەسێکی گەشبینم و باوەڕم وایە هەر دۆخێك کە لەژێر دەستی مرۆڤەکاندا بێت، قابیلی ئەوەیە چاکسازی تێدا بکرێت و باشتر بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەکە هۆکارێکی زۆری لەبەردەستدا نییە بۆ ئەوەی بتوانێت جڵەوی چارەنووسی خۆی بکات، ئەویش لەبەر چەند خاڵێك یەکێکیان پەیوەستە بە بوونی بە سەرچاوە سروشتییەکانەوە — هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد، دووەمیان پەیوەندیدارە بە هەڵکەوتەی جیوستراتیژیی ناوچەکەوە؟ کە بۆتە هۆی ئەوەی هێزە دەرەکییەکان بیانەوێت دەستێوەردان لە کاروبارەکانیدا بکەن، لە هەمان کاتدا هێشتا کاریگەری میراتی کۆڵۆنیاڵی لەسەر ئەم ناوچەیە ماوە، کە ئێمەش دەزانین کۆڵۆنیاڵیزم چەندین دابەشکاریی لەم ناوچەیەدا دروست کرد.

*** کەواتە پێت وایە ئەم دەستێوەردانە دەرەکییانە بوونەتە هۆی ئەوەی هێندەی دیکە دۆخی ناوچەکە ئاڵۆز بێت و بە ئاقارێکی خراپتردا بڕوات؟.**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە پێم وایە ئەم دەستێوەردانە دەرەکییانە دۆخەکەیان خراپتر کردووە، ئیدی ئەو دەستێوەردانە دەرەکییە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بێت، یان رووسیا، یان تورکیا، یان هەر وڵاتێکی دیکە. کەواتە لەبەر ئەوەی لە نێو وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا ناکۆکی و دووبەرەکی هەیە، ئەوا هێزە دەرەکییەکان سوود لەم ناکۆکییانە وەردەگرن بۆ برەودان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان، هەروەها لەبەر هەڵکەوتەی جیوستراتیژی و بوونی سەرچاوە سروشتییەکان لەم ناوچەیەدا، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەوا ئەم هێزە دەرەکییانە دەیانەوێت دەستێوەردان لەم ناوچەیەدا بکەن.

**لەبەر ئەوەی لە نێو وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا ناکۆکی و دووبەرەکی هەیە، ئەوا هێزە دەرەکییەکان سوود لەم ناکۆکییانە وەردەگرن بۆ برەودان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان**

**ئەم دەستێوەردانە دەرەکییانە دۆخەکەیان خراپتر کردووە، ئیدی ئەو دەستێوەردانە دەرەکییە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بێت، یان رووسیا، یان تورکیا، یان هەر وڵاتێکی دیکە**



# ئیسلامی سیاسی له ئەندەنوسیا

ولاتی ئەندەنوسیا کە پایتەختەکەی جاکارتایە، دەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، گەورەترین دەوڵەتی موسڵمانە و ژمارەی دانیشتوانیشی (٢٦٠)ملیۆن کەسە، (١٧)هەزار دوورگەی تێدایەو(٣٠٠) جۆر نەتەوە و ئایین لەخۆدەگرێت، موسڵمانان زۆرینەی وڵات پێکدەهێنن و سەربە مەزهەبی سوننیی شافیعین، هاوکات نزیکەی یەك ملیۆن شیعەشی تێدایە، تایفەی ئەحمەدی نیو ملیۆن دەبن، ئیسلام لە رێی بازرگانانی موسڵمانەوە لە سەدەی دوازدەیەم و سەرەتای سەردەی سێزدەیەمدا گەیشتۆتە ئەو وڵاتە، ئەندەنوسیا لەنێوان هەردوو ئایینی هیندۆس و بوزیدا دابەشکرابوو، بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی ئیسلام هەردووکیان توانەوە، هیندۆس لە دوورگەی بالی نیشتەجێ بوون، دوای هەڵاتنی حوکمڕانانی هیندۆس و رووخانی ئیمپراتۆریەتەکەیان کە بە ماجاهیت Majapahit Empire ناسرابوو و لە ساڵی ١٢٩٣ لە رۆژهەڵاتی جاوا دامەزرابوو، بەڵام لە ساڵی ١٥٠٠ بە دەستی سوڵتاننشینی ئیسلامیی دیمان لە سەدەی پازدەیەمدا رووخا، لەو شانشینانەی کە موسڵمانانی ئەندەنوسیا دایانمەزراند، شانشینی بنتما بوو لە جاوا کە شا حەسەنەدین دایمەزراند، هاوکات شانشینی متارام لەلایەن سنافانی، شانشینی ئەچیە لە سۆمەترە، پورتوگالییەکان چاویان بڕیبووە سامانی سروشتیی ئەندەنوسیا و یەکەم ئیستیعمار بوون کە ئەندەنوسیایان داگیرکرد و بۆ ماوەی (١٥٠) ساڵ تێیدا مانەوە، بەڵام گەلی ئەندەنوسیا لە ساڵی ١٥٧٠ دەریانکردن و لە تەیموری رۆژهەڵات نیشتەجێ بوون، لە سەدەی حەڤدەیەمدا هۆڵەندییەکان هاتنە ئەندەنوسیا، ئەوانیش چاویان بڕییە سامانی سروشتیی ئەو وڵاتە، بەتایبەتیش بەهارات و مێخەك، هاوکات بڵاوکردنەوەی مەسیحییەت لەنێو موسڵماناندا، گەلی ئەندەنوسیا پیلانەکانی کۆلۆنیالییان لا ئاشکرابوو، بۆیە لە سەدەی بیستەمدا بەرهەڵستییەکی توندیان کرد، دواتر ژاپۆنییەکان لە ساڵی ١٩٤٢ ئەو وڵاتەیان لە هۆڵەندییەکان وەرگرتەوە، بەڵام هۆڵەندییەکان دوای شکستی ژاپۆن لە جەنگی دووەمی جیهان لە ساڵی ١٩٤٥ جارێکی دیکە داگیریانکردەوە، زانایانی ئەندەنوسیا توانییان لە رێی ئایینەوە میللەت هۆشیاربکەنەوە و ئینتیمای نیشتمانییان لا بەهێزبکەن، لە مینانگکاباو لە ساڵی ١٩٠٦ تاهیر کوڕی جەلالەدین رۆژنامەی ئیمانی دەرکرد، دواتر رۆژنامەی مینبەر، ئینجا چەندین قوتابخانە لە سۆمەترە وەك ئادابیاە لە ساڵی ١٩٠٩ و دینیا بوتری لە ساڵی ١٩١١ و سۆمەترە سوالیب لە ساڵی ١٩١٥ دامەزراند، کە دواتر بوونە بزووتنەوەیەکی ئیسلامیی سیاسی کە بە بزووتنەوەی سەلامە لە جاوا ناسرا، لە ساڵی ١٩١٢ کۆمەڵەی محەمەدییە بە سەرۆکایەتی محەمەد رایس دامەزرا، کە سەرۆکی حزبی

**پورتوگالییەکان چاویان بڕیبووە سامانی سروشتیی ئەندەنوسیا و یەکەم ئیستیعمار بوون کە ئەندەنوسیایان داگیرکرد و بۆ ماوەی (١٥٠) ساڵ تێیدا مانەوە**

**لە ساڵی ١٩١٢ ئەو ساڵەی کە کۆمەڵەی محەمەدییە دامەزرا هاوبەندیی ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی تیرتو ئەزخا سوریو دامەزرا، کە حزبێک بوو ئیسلام و نیشتمانی پێکەوە کۆکردەوە بۆ بەرنگاربوونەوەی هەژموونی چین لە ئەندەنوسیا**



د.عەرەفات کەرەم ستونی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەمانەی نیشتمانی بوو، دواتر بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی گەل، ئەم کۆمەڵەیە کۆنترین بزووتنەوەی ئیسلامییە لە مێژووی ئەندەنوسیاو بیست و پێنج ملیۆن ئەندامی هەیە، بەڵام کۆمەڵەی نەهزەی عولەما لە ساڵی ١٩٢٦ لەلایەن هاشم ئەشعەرییەوە دامەزرا، ژمارەی ئەندامانی چل ملیۆن کەسە، ئەمەیان بزووتنەوەی سیاسی نییە، بەڵکو گردبوونەوەیەکی زانایانی ئایینییە لە جاوا، سەرۆکەکەی عەبدولڕەحمان وەحیدە کە نەوەی یەکەم دامەزرێنەرە، دواتر عەبدولڕەحمان وەحید لە ساڵی ١٩٩٩ تا ساڵی ٢٠٠١ بوو بە سەرۆکی ئەندەنوسیا، لە ساڵی ١٩١٢ ئەو ساڵەی کە کۆمەڵەی محەمەدییە دامەزرا هاوبەندیی ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی تیرتو ئەزخا سوریو دامەزرا، کە حزبێك بوو ئیسلام و نیشتمانی پێکەوە کۆکردەوە بۆ بەرنگاربوونەوەی هەژموونی چین لە ئەندەنوسیا، دوای دە ساڵ هاوبەندیی ئیسلامی ڕێچکەی توندوتیژی دژی چینییەکانی گرتەبەر، بەتایبەتیش لە هەردوو شاری کۆدس و سۆلۆ، سوکارنۆ و کارتۆسویرجۆ دوو ئەندامی هاوپەیمانییەکە بوون، بەڵام سوکارنۆ لە ساڵی ١٩٢٧ جیابۆوە، چونکە زیاتر لە مەیلی بۆ ڕەوتی ئیسلامی مەیلی ڕەوتی نیشتمانیی هەبوو، ئەو بەرامبەر بە چینییەکان توندوتیژ نەبوو، چونکە هاووڵاتی ئەندەنوسیایی بوون، ئەوە بوو حزبی نیشتمانیی ئیسلامی دامەزراند و لەپێناو سەربەخۆییدا سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی دژی کۆلۆنیالیزمی هۆڵەندی کرد، لە ساڵی ١٩٤٥سوکارنۆ Sukarno و محەمەد هەتتا Hatta سەربەخۆیی ئەندەنوسیایان ڕاگەیاند، لە ساڵی ١٩٤٩ هۆڵەندا دانی پێدا نا، بۆ یادی هەردووکیشیان پەیکەرێکیان لە پایتەخت بۆ دروستکردن، لە ساڵی ١٩٤٥ سوکارنۆ پێنج پرەنسیپەکەی دامەزراند تا ببێتە بڕوایی دەوڵەت کە بە (بانکاسیلا) Pancasila ناسرا و بریتین لە: یەکەم: بڕواییهێنان بە یەك خوا، دووەم: مرۆڤایەتیی دادپەروەر، سێیەم: یەکێتیی ئەندەنوسیا، چوارەم: دیموکراسیی ئاراستەکراو Guided Democracy چونکە دیموکراسیی ڕۆژئاوا لەگەڵ گەلانی جیهان ناگونجێت، پێنجەم: دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. پەرلەمانی ئەندەنوسیا بە زۆرینەی دەنگ پەسندی کرد، سوکارنۆ بە دامەزرێنەری ڕێکخراوی بێلایەن دادەنرێت، یەکەم کۆبوونەوەی لە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری باندۆنگی ئەندەنوسیا گرێدا، ئیسلامییەکان هەوڵیاندا پرەنسیپێکی دیکە بێننە ناویەوە ئەویش جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلامی بوو، بەڵام شکستیان هێنا، چونکە پەرلەمان ڕەتی کردەوە بەوناوەی جیاکارییە دژی ناموسڵمانان، ئەمەش ئیسلامییەکانی تووڕەکرد، جگە لە گرووپە ئیسلامییە ناسیاسییەکان وەك نەهزەی عولەما و کۆمەڵەی محەمەدییە، چونکە دژی دامەزراندنی

**لە ساڵی ١٩٤٥سوکارنۆ Su- karno و محەمەد هەتتا Hatta سەربەخۆیی ئەندەنوسیایان ڕاگەیاند، لە ساڵی ١٩٤٩ هۆڵەندا دانی پێدا نا، بۆ یادی هەردووکیشیان پەیکەرێکیان لە پایتەخت بۆ دروستکردن**

**سوهارتۆ لە ساڵی ١٩٧٣ خۆی بە پەیڕەوکارانی (کباتینان) یان (کیبرکابانت) دەزانی، بڕوا ئاینییەکەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵکشانی شیوعییەت قۆستەوە و کوشتارگەیەکی دژ بە شیوعییەکان ئەنجام دا**

**لە ساڵی ١٩٨٨ لە پاكستان مەسدوقی و باعشیرو سونگكار چاویان بە ئوسامە بن لادن و عەبدوڵا عەزام كەوت، پەیوەندییان بە گرووپی ئەبو سەییافی فیلیپینیشەوە هەبوو، باعشیر خۆی بە ئوسامە بن لادن دەچواند، وەک كوڕی ئیبن لادنی ئەندەنوسیا**

**سوپای جیهان لایەنگرانی خۆی بۆ شەڕ دژی كریستیان لە ئەمبون دەناردو بە پێچەوانەوەش سوپای كریستیان لایەنگرانی بۆ كوشتار دژی موسڵمانان ڕەوانەدەكرد**

**لە ساڵی ٢٠٠٩ سەرۆک عەبدولڕەحمان وەحید بە نەخۆشی كۆچی دوایی كرد، میگاواتی** Megawati Su-karnoputri **كچی سوكارنۆی دامەزرێنەری ئەندەنوسیا بوو بە سەرۆكی وڵات، كە یەكەم ئافرەتە ببێتە سەرۆكی دەوڵەتێكی موسڵمان**

دەوڵەتی ئیسلامی بوون لە ئەندەنوسیا، لە كاردانەوەی ئەم بڕیارەدا دكتۆر محەمەد ناسر حزبی (ماسومی) Masyumi Party ئەنجومەنی شورای موسڵمانانی ئەندەنوسیای بۆ یەكخستنی موسڵمانان دامەزراند، ئایینی ئیسلامیشی كردە ئایینی فەرمیی دەوڵەت، لە ساڵی ١٩٥٠ بوو بە سەرۆك وەزیران، بەڵام دوای حەوت مانگ بە هۆی ناكۆكی لەگەڵ سوكارنۆوە حەوت ساڵ زیندانی كرا.

كارتۆسویرجۆ تا ساڵی ١٩٤٥ هەر وەك ئەندامێكی كارا لە هاوبەندیی ئیسلامیدا مایەوە، ئەمەش لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێكی ئیسلامی لە ئەندەنوسیا بۆ جێبەجێ كردنی شەریعەتی ئیسلامی، ژاپۆنییەكان لە ساڵی ١٩٤٢ ڕێگەیان پێدا سەربازگەی مەشق دابمەزرێنێت تا دواتر حزبوڵای دامەزراند، كە باڵی سەربازیی ئەنجومەنی شورای موسڵمانانی ئەندەنوسیا(ماسومی)یە، لە ساڵی ١٩٤٨ واتا دوای سەربەخۆیی بە سێ ساڵ دەوڵەتی ئیسلامیی لە ئەندەنوسیا ڕاگەیاند بۆ جێبەجێ كردنی شەریعەتی ئیسلام، ئەو بە درێژایی ژیانی دژی كۆلۆنیالیزم لە شەڕدا بوو، لە ساڵی ١٩٤٩ بۆ ماوەی سێزدە ساڵان لە سوكارنۆ یاخی بوو، ئەو ناوچانەی كۆنترۆڵی كردبوون بە دارولئیسلام ناوزەدی كردبوون، هەروەها بزووتنەوەكەشی هەر بەو ناوە بوو، لەنێوان ساڵانی ١٩٥٠و ١٩٦٦ بزووتنەوەكەی شەڕێكی سەختی لە ئاچیەی دوورگەی سومەترە كرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی ئیسلامی، بەڵام تێكشكا، تا لە ساڵی ١٩٦٢ دەستگیركراو گوللە باران كرا، ئیدی دوای ئەوەی بیست هەزار كەس گیانیان لەدەستدا لاپەڕەی هاوبەندی ئیسلام كۆتایی هات، لە ساڵی ١٩٦٤ سوكارنۆ لەلایەن سوهارتۆ كە جەنەراڵێكی خۆی بوو، دەستگیركرا و تا مردنی خرایە ژێر بەزۆر نیشتەجێیكردنەوە.

سوهارتۆ Suharto كە هات تەنیا ڕێگەیدا بە سێ حزب لە گۆڕەپانی سیاسی كاربكەن، حزبەكەی خۆی لەگەڵ حزبە ئیسلامییەكان تێكەڵكرد بە ناوی حزبی گەشەپێدانی یەكگرتوو، بۆیە حزبی دیموكراتی نیشتمانی حزبێكی عەلمانی بوو كە چەپ و عەلمانییەكانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسلامییەكان كۆكردەوە، سوهارتۆ بە دیكتاتۆری ئەندەنوسیا دەناسرێت، ئەو بە زەبری ئاگروئاسن بۆ ماوەی سی ساڵ حوكمڕانی كرد، دوو ڕەوتیش لە سەردەمی ئەودا هەبوون، یەكەمیان ڕەوتی نەریتی(بیسانترن)، دووەمیش ڕەوتی ڕوحانیی سۆفیزم كە بە (كباتینان) ناسرابوو و كۆكەرەوەی هەموو ئایینەكانی ئەندەنوسیا بوو، سوهارتۆ لە ساڵی ١٩٧٣ خۆی بە پەیڕەوكارانی (كباتینان) یان (كیبركابانت) دەزانی، بڕوا ئاینییەكەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵكشانی شیوعییەت قۆستەوە و كوشتارگەیەكی دژ بە شیوعییەكان ئەنجام دا، دواتر چەند پێكهاتەیەكی چەكدار لە منداڵدانی بزووتنەوەی دارولئیسلام سەریان هەڵدا، وەك كۆماندۆی جیهان لە ساڵی ١٩٧٦ بەهێزبوو، چەندین هێرشی كردە سەر مزگەوت و كەنیسەو ناوچە گرنگەكان، تاقمێكی دیكە پەیدابوو بە ناوی ئەنجومەنی شۆڕشی ئیسلامیی ئەندەنوسیا كە كەوتبوونە ژێر كاریگەریی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران، ئەو هەموو پێكهاتەو تاقمانە لە كۆمەڵی ئیسلامیدا یەكیان گرتەوە كە جیهادی و سەلەفی بوو، داوای جیهادی دەكرد دژی حكومەتی سوهارتۆ بەوەی كە حكومەتێكی كافرە و دەیەویست دەوڵەتێكی ئیسلامی دابمەزرێت شەریعەتی ئیسلام جێبەجێ بكات، یەكێك لە سەركردەكانی ئەو كۆمەڵەیە ناوی غەوس تۆفیق بوو، كە لە ساڵی ١٩٧٧ دەستگیركرا، ئەو لەگەڵ هاوڕێكانی لە ماڵی خۆی كۆبۆوە بۆ قسەكردن لەسەر پێشێلكارییەكانی سوهارتۆ بەرامبەر بە شەریعەت، دواتر لە ١٩٨٩ لە سێدارە درا بە تۆمەتی ئەوەی سەر بە گرووپی نگروكی باعشیر Baasyir وسونگكار Sungkar بوو، لە ساڵی ١٩٨١ فڕۆكەیەكی ئەندەنوسییان بەرەو تایلاند ڕفاند، كە داوای لە حكومەت دەكرد عەبدوڵا سونگار كە سەركردەیەكی زیندانیكراوی جیهادی بوو ئازاد بكرێت، لە ساڵی ١٩٩٣ ئەبوبەكر باعشیر و عەبدوڵا سونگكار كۆمەڵی ئیسلامییان دامەزراند، مەبەستیش دامەزراندنی دەوڵەتی(نوسانتارای ئیسلامی) Nusantara بوو، كە وشەیەكی جاویی كلاسیكییە بە واتای (دوورگەكان) دێت، كە بریتین لە (مالیزیا، ئەندەنوسیا، سنگافورە، برۆنای، تایلاند، فلیپین)، ئەو دوو دامەزرێنەرە

ئەندام بوون لە بزووتنەوەی لاوانی موسڵمانی ئەندەنوسیا کە بزووتنەوەیەکی قوتابیانە و سەر بە ئەنجومەنی شورای موسڵمانانی ئەندەنوسیایە، لە ساڵی ١٩٦٣ باعشیر و سونگکار بۆ یەکەم جار یەکیان بینی، لە ساڵی ١٩٦٧ ئیستگەی سوراکرتایان بۆ بانگەوازی ئیسلامی لە سۆلۆ دامەزراند، لە ساڵی ١٩٧٢ قوتابخانەی موئمینیان درووستکرد، ئەم قوتابخانەیە بە ناوی گرووپی باعشیر و سونگکار ناسرا، لە ١٩٧٦ بۆ چوونە ناو کۆماندۆی جیهاد چاویان بە ئیسماعیل برانۆتۆ ناسراو بە(هسبران) کەوت، هەردووکیان دەستگیرکران و لە ساڵی ١٩٨٣ ئازادکران و دەستیان کردەوە بە بانگخوازی لەسەر ڕێبازی ئیخوان موسلمینی میسر، باعشیر نامەیەکی بڵاوکردەوە بە ناوی (خێزان) کە لە شێوەی نامە پەروەردەییەکان و ڕێکخستنی ئیخوان بوو، لە ساڵی ١٩٨٥ هەردووکیان هەڵاتنە مالیزیا لە ترسی ستەمی سوهارتۆ، لە ساڵی ١٩٨٧ حکومەتێکی سێبەریان بە سەرۆکایەتیی مەسدوقی دامەزراند، باعشیر بوو بە وەزیری داد و سونگکاریش بە وەزیری دەرەوە، لە ساڵی ١٩٨٨ لە پاکستان مەسدوقی و باعشیرو سونگکار چاویان بە ئوسامە بن لادن و عەبدوڵا عەزام کەوت، پەیوەندییان بە گرووپی ئەبو سەییافی فیلیپینیشەوە هەبوو، باعشیر خۆی بە ئوسامە بن لادن دەچواند، وەك کوڕی ئیبن لادنی ئەندەنوسیا، بۆیە لە دادگا گوتی: دادگاییکردنم دەمکاتە سومبولێك لە ئەندەنوسیا، واتا من وەك ئوسامە بن لادن دەبم، ئەمەو (٣٠٠٠) ئەندەنوسی دوای بەیعەتدان بە ئوسامە بەشداریی شەڕیان لە ئەفغانستان کرد، لە ساڵی ١٩٩٣ بە فەرمی لەدایکبوونی کۆمەڵی ئیسلامی ڕاگەیاندرا و سونگکار تا مردنی لە ساڵی ١٩٩٩ بوو بە ئەمیری کۆمەڵ، دواتر باعشیر سەرکردایەتیی کۆمەڵی کرد، لە ساڵی ١٩٩٨ لەلایەن ئەمین رایس سەرۆکی ئەنجومەنی گەل سوهارتۆ لادرا، یوسف حەبیبی سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیرانی موسڵمان بوو بە سەرۆکی وڵات بۆ قۆناغی گواستنەو تا ساڵی ١٩٩٩، عەبدولڕەحمان وەحید توانی ببێتە سەرۆکی وڵات کە پازدە ساڵ سەرۆکی کۆمەڵەی نەهزەی عولەما بوو دوای کشانەوەی یوسف حەبیبی بە ڕۆژێك لە کاتی دەنگداندا، بەڵام پەرلەمانی ئەندەنوسیا بە تۆمەتی گەندەڵی لایبرد، کێشەی زۆر لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئەو هاتنە ئاراوە، وەك شەڕی ناوخۆی نێوان موسڵمان و کریستیان لە دوورگەی ئەمبۆن لە ساڵی ١٩٩٩ تا ساڵی ٢٠٠٠و لەونێوەندەشدا بە هەزاران کەس بوونە قوربانی، سوپای جیهان لایەنگرانی خۆی بۆ شەڕ دژی کریستیان لە ئەمبون دەناردو بە پێچەوانەوەش سوپای کریستیان لایەنگرانی بۆ کوشتار دژی موسڵمانان ڕەوانەدەکرد، سەرۆك عەبدولڕەحمان وەحید لەو قۆناغە ناسکەدا داوای دیالۆگی دەکرد و سوپای جیهادیی بە زیادکردنی گرژی تۆمەتباردەکرد، ئەمەش ئیسلامییەکانی تووڕەکرد کە دەنگیان پێدا ببێتە سەرۆکی وڵات لەجیاتی میگاواتی، وەك بەرپەرچدانەوەیەکیش لەهەمبەر هەڵوێستی سەرۆك عەبدولڕەحمان وەحید سەرۆکی ئەهلی سوننەو جەماعەت جەعفەر عومەر تالب لایەنگرانی خۆی نارد بۆ شەڕ دژی کریستیانەکان، ئامانجی کریستیانەکانیش جیابوونەوە بوو وەك تەیموری ڕۆژهەڵات کە دوای ڕاپرسییەك و بە چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەمان ساڵدا واتا لە ١٩٩٩ جیابۆوە، لە ساڵی ٢٠٠٩ سەرۆك عەبدولڕەحمان وەحید بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد، میگاواتی Mega-wati Sukarnoputri کچی سوکارنۆی دامەزرێنەری ئەندەنوسیا بوو بە سەرۆکی وڵات، کە یەکەم ئافرەتە ببێتە سەرۆکی دەوڵەتێکی موسڵمان، لە ساڵی ٢٠٠١ تا ساڵی ٢٠٠٤ حوکمڕانیی کرد، ئیسلامییەکانیش گلەییان لە سەرۆکایەتی ئەو کچە هەبوو، چونکە شەریعەتی ئیسلام بە پێی لێکدانەوەی خۆیان هەرگیز ڕێگە بەمە نادات.

سەبارەت بە قۆناغی دوای کەوتنی سوهارتۆ، چەندین حزبی نیشتمانی و ئیسلامی سەریان هەڵدا و بە خێرایی بڵاوبوونەوە، چونکە لە دوو ڕەوتدا بوون، یان نیشتمانیی ئیسلامی یانیش نیشتمانیی عەلمانی، پەیدابوونی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان خێراتر و زۆرتر بوو، باعشیر و سونگکار دوای(١٣)ساڵ لە تاراوگە لە مالیزیاوە گەڕانەوە ئەندەنوسیا، لە ساڵی ٢٠٠٠ گرووپی (نگروکی) ١٨٠٠ موجاهیدی ئەندەنوسیایی کۆبوونەوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی ئەو ئیسلامییانەی پەرتەوازە بووەکان لە پاکستان

**لە ساڵی ٢٠٠٨ کێشە کەوتە نێوان ئەنجومەنی موجاهیدینی ئەندەنوسیاوە، باعشیر لێی جیابۆوە و گرووپی ئەنساری تەوحیدی دامەزراند، لە ساڵی ٢٠١١ دەستگیرکرا و گرووپەکەی پەرتەوازە بوو، بەتایبەتیش کە داعشیر بەیعەتی بە ڕێکخراوی داعش دا**

**زنجیرەی تەقینەوەکان لە ئەندەنوسیا دوای گەڕانەوەی ئەبوبەکر باعشیر لە مالیزیاوە و پێکهێنانی ئەنجومەنی موجاهیدینی ئەندەنوسیا دەستی پێکرد**

**بزووتنەوەی موجاهیدین لە ڕۆژهەڵاتی ئەندەنوسیا کە ئەبووەردە سانتوسۆ لە ساڵی ٢٠١٢ دایمەزراند لەگەڵ سەربازگەیەک بۆ مەشقی جەنگاوەران، لە ٢٠١٤ بەیعەتی بە داعش دا، سەیرترین فتواش ئەوە بوو کە چوون بۆ سووریا بۆ جیهاد خێرترە لە چوون بۆ حەج و عومرە**

و سعودیەو مالیزیا، بۆ گرێدانی کۆنگرەیەکی گرنگ لە شاری جوگجاکارتا، کە بە کۆنگرەی موجاهدین ناسرا، دواتر بە ئاشکرا ناونرا ئەنجومەنی موجاهیدینی ئەندەنوسیا، باعشیریش بە ئەمیری موجاهیدین و سەرۆکی ئەهلی حەل و عەقد بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی ئیسلامی هەڵبژێردرا تا شەریعەت لە ئەندەنوسیا جێبەجێ بکات، لە ساڵی ٢٠٠٨ کێشە کەوتە نێوان ئەنجومەنی موجاهیدینی ئەندەنوسیاوە، باعشیر لێی جیابۆوە و گرووپی ئەنساری تەوحیدی دامەزراند، لە ساڵی ٢٠١١ دەستگیرکرا و گرووپەکەی پەرتەوازە بوو، بەتایبەتیش کە داعشیر بەیعەتی بە رێکخراوی داعش دا، بەهۆی ئەو بەیعەتدانەش گرووپەکەی لێی جیابۆوە و ناوی خۆیان نا ئەنساری شەریعە، دوو کوڕی داعشیر چوونە ناویەوە، سەرسامیش بوون چۆن دەکرێ باعشیر بەیعەت بداتە داعش کە موسڵمانان دەکوژێت، بۆیە سەرنج دەدەین کە زنجیرەی تەقینەوەکان لە ئەندەنوسیا دوای گەڕانەوەی ئەبوبەکر باعشیر لە مالیزیاوە و پێکهێنانی ئەنجومەنی موجاهیدینی ئەندەنوسیا دەستی پێکرد، ئەم تەقینەوانە لە ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠١٦ بەردەوام بوون، تەقینەوەی باڵیۆزخانەی ئوسترالیا و دوورگەی بالی و هۆتێلی پایتەخت، هەروەها تیرۆرکردنی سوسیلو بامباگ یودویونو Susilo Bambang Yudhoyono سەرۆکی ئەندەنوسیا کە لە ساڵی ٢٠٠٤ تا ساڵی ٢٠١٤ حوکمی کرد، بۆیە بە تاوانی کوشتنی سەرۆك دادگا (١٥)ساڵ زیندانیی بۆ باعشیر دەرکرد، سەرۆکی ئەندەنوسیاش کوجو ویدودو Kojo Widodo بەڵێنی دا کە لەبەر تەمەن و نەخۆشی ئازادی بکات، چەندین گرووپی چەکداری توندڕەوی ئیسلامی پەیدابوون، بە کورتی ئەمانە بوون:

١. بزووتنەوەی موجاهیدین لە رۆژهەڵاتی ئەندەنوسیا کە ئەبووەردە سانتوسۆ لە ساڵی ٢٠١٢ دایمەزراند لەگەڵ سەربازگەیەك بۆ مەشقی جەنگاوەران، لە ٢٠١٤ بەیعەتی بە داعش دا، سەیرترین فتواشی ئەوە بوو کە چوون بۆ سووریا بۆ جیهاد خێرترە لە چوون بۆ حەج و عومرە.

٢. گرووپی ئەنساری دەوڵەت کە عەبدولرەحمان دایمەزراند و لە ساڵی ٢٠٠٤ لەبەر کردەوەی تەقینەوە حەوت ساڵ زیندانیی بۆ دەرچوو، دواتر ئازادکرا، لە ساڵی ٢٠١٠ سەربازگەیەکی لە چیای ئەچێە کردەوە، بۆیە پێنج ساڵ بەندکرا، لە ساڵی ٢٠١٤ کە لە زینداندا بوو بەیعەتی بە داعش دا.

٣. بەرەی بەرگریی ئیسلامی کە حەبیب محەمەد رزق لە ساڵی ١٩٩٩ دایمەزراند.

٤. کۆڕبەندی زانایانی ئەندەنوسیا بە سەرۆکایەتیی محەمەد غاتوت ساتبونۆ ناسراو بە محەمەد کەسساس، پێشتر لە حزبی رزگاری بۆ گەڕاندنەوەی خەلافەتی ئیسلامیدا بوو، دواتر جیابۆوە و کۆڕبەندەکەی دامەزراند، لەگەڵ بەرەی بەرگریی لە ئیسلامدا هاوپەیمانیی کرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بەمەبەستی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام، ئەو ئێستا لە زیندادایە بە تۆمەتی لەناوبردنی سەرۆکی ئێستای وڵات کۆجۆ ویدۆدۆ Kojo Widodo.

حکومەت بە تەنیا رووبەڕووی ئەو گرووپانە نەدەبووەوە، بەڵکو زانایانی میانڕەو و لاوانی رۆشنبیر رۆڵی بەرچاو و کاریگەریان هەبوو لە سپیکردنەوەی بۆچوونەکانیان و ئاشکراکردنی هەڵەکانیان، کۆمەڵەی نەهزەی زانایان بە سەرۆکایەتیی عەبدولرەحمان وەحید سەرۆکی چوارەمی ئەندەنوسیا- کە لە ئەزهەر و عێراق خوێندبووی رۆڵی گەورەی هەبوو، کۆمەڵەکە فیکری تەکفیری و داعشی و قاعیدەی رەتکردەوە و داوای دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراسی دەکرد، لەجیاتی دەوڵەتی ئیسلامی کە ئیسلامییەکانی ئەندەنوسیا بانگەشەیان بۆ دەکرد، هەروەها کۆمەڵەی محەمەدییە بەسەرۆکایەتیی ئەمین رایس رۆڵی هەبوو لە بەرەنگاربوونەوەی ئیسلامییەکان، لە گرووپە میانڕەوەکانیش یەکێتیی ئیسلامییە بە سەرۆکایەتیی حەسەن باندۆج، هەروەها کۆمەڵەی ئیرشادی ئیسلامیی عەرەبی کە ئەحمەد سورکتی دایمەزراند، لەگەڵ بزووتنەوەی نوێخوازیی فیکری ئیسلامی کە نور خالق مەجید دایمەزراندبوو، بەڵام لاوان تۆڕی رزگاریخوازیی ئیسلامییان لە ساڵی ٢٠٠١ دامەزراند، داواشیان کرد دەقە ئایینییەکان جارێکی دیکە راڤەبکرێنەوە، هاوکات لەو دامەزراوە گرنگانەی بەم ئاراستەیە کاریان کرد، بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئیسلامی (بارا مەدینە)، پەیمانگەی دیراساتی ئیسلامی

**ئەگەر دەستووری تورکیا سەرپێچیی دەوڵەتی عەلمانی قبوڵ نەکات کە ئەتاتورک دایمەزراند، ئەوا کۆمەڵگەی ئەندەنوسیا خۆی ئاشتیخوازەو سەرپێچیکردن لە پێنج پرنسیپەکە (پانکاسیلا) Pancas-ila قبوڵ ناکات کە سوکارنۆی دامەزرێنەری ئەندەنوسیا دایناوە**

**ئیسلامییەکان نەریتیان وا بوو کە بۆچوون و رەخنەی کەسانی دیکەیان قبوڵ نەدەکرد، بۆیە فتوای کوشتنیان دژی رێکخەری تۆڕی ئیسلامیی ئازادیخواز (ئولیل ئەبشار عەبدوڵا) دەرکرد، بەڵام میانڕەوان لە زانایانی موسڵمان ئەم فتوا نامۆیەیان لە کۆمەڵگەی فرەیی ئەندەنوسیا رەتکردووە**



و کۆمەڵایەتی، کۆمەڵەی ئەندەنوسیا بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگە، پەیمانگەی سامانی مرۆیی و دیراسات، تۆڕی محەمەدییە بۆ بیرمەندانی لاو، سەنتەری نێودەوڵەتیی ئیسلام و فرەیی، ئەوانە هەموویان بۆ رووبەڕووبوونەوەی گرووپە ئیسلامییەکان کە دەیانویست نموونەیەکی دیاریکراو بەسەر کۆمەڵگەی فرە ئایینی و تایفە و ئیتنیدا بسەپێنن.

ئەگەر دەستووری تورکیا سەرپێچیی دەوڵەتی عەلمانی قبوڵ نەکات کە ئەتاتورك دایمەزراند، ئەوا کۆمەڵگەی ئەندەنوسیا خۆی ئاشتیخوازەو سەرپێچیکردن لە پێنج پرنسیپەکە(بانکاسیلا) Pan-casila قبوڵ ناکات کە سوکارنۆی دامەزرێنەری ئەندەنوسیا دایناب‌وو، لەبەرامبەر ئەو رەوتە موسڵمانە ئازادیخواز و نوێخواز و دیموکراسیخوازەدا، ئیسلامییەکان هەوڵیاندا بەرەنگاری ببنەوە، بۆیە گۆڤاری (سبیلی )یان دەرکرد، کە تێیدا رەخنەیان لە رەوتی ئازادیخواز گرت، ئەم گۆڤارەیان دووەم گەورە گۆڤار بوو دوای گۆڤاری ئافرەتان لەو وڵاتەدا، چەندین کتێب و نامەیان بە نرخی هەرزان دەرکرد، بۆئەوەی رکابەریی گۆڤاری فرەناوبانگی ئافرەت بکەن، لەم بارەیەوە گۆڤاری ئافرەتانی موسڵمانیان دەرکرد، ئیسلامییەکان نەریتیان وا بوو کە بۆچوون و رەخنەی کەسانی دیکەیان قبوڵ نەدەکرد، بۆیە فتوای کوشتنیان دژی رێکخەری تۆڕی ئیسلامیی ئازادیخواز (ئولیل ئەبشار عەبدوڵا ) دەرکرد، بەڵام میانڕەوان لە زانایانی موسڵمان ئەم فتوا نامۆیەیان لە کۆمەڵگەی فرەیی ئەندەنوسیا رەتکردەوە.

دیارە ئەزموونی ئەندەنوسیا لە جیهانی ئیسلامیدا پێشەنگە، پێویستە ببێتە نموونەیەك و چاوی لێ بکرێت، بەتایبەتیش کە توانیی دەوڵەتێکی دیموکراسی و مەدەنیی پێشکەوتوو بە هاوکاریی زۆرینەی موسڵمانانی وڵات بنیات بنێت، هەروەها توانیی کولتووری پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەنێو هەموو ئایین و ئیتنییەکاندا بچەسپێنێت، ئەم کارە باشەش بۆ دامەزرێنەری ئەندەنوسیا سوکارنۆ دەگەڕێتەوە، کە وڵاتی بەرەو سەربەخۆیی برد، هەروەها دەوڵەتەکەی لەسەر بنەمای پێنج پرنسیپ بنیاتنا تاکو ببێتە بیروباوەڕی دەوڵەت، تا ئەو دەمەی ئەم دێڕانەی تێدا دەنووسم، ئەگەر ئەو تێگەیشتنە درووستە نەبوایە بۆ بنەماکانی بنیاتنانی دەوڵەت و تێگەیشتن لە فەلسەفەی ئیسلام، ئەوا ئەندەنوسیا وەك ئەفغانستانی لێ دەهات، کە رووبەڕووی کاولکاری و وێرانی و گەندەڵی بۆتەوە، بۆیە دەبینین کە کۆمەڵگەی ئەندەنوسیا فیکرە توندڕەوەکانی ئایینی رەتکردەوە و رێگەی بە داعش و قاعیدە نەدا شوێن پێیان لە ئەندەنوسیا بکەنەوە.

**ئەندەنوسیا توانیی دەوڵەتێکی دیموکراسی و مەدەنیی پێشکەوتوو بە هاوکاریی زۆرینەی موسڵمانانی وڵات بنیات بنێت، هەروەها توانیی کولتووری پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەنێو هەموو ئایین و ئیتنییەکاندا بچەسپێنێت، ئەم کارە باشەش بۆ دامەزرێنەری ئەندەنوسیا سوکارنۆ دەگەڕێتەوە**